# پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران

هەواڵنامەی کتێب

عەبباسی وەلی

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: پەیدابوون و بناخەی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران

نووسەر: عەبباسی وەلی

وەرگێڕ: حەسەنی قازی

گەڵاڵەی بەرگ: گینای یاکوبی

لە بڵاوکراوەکانی: بنکەی چاپەمەنی روژ سوید ١٩٩٥

©Solförlaget 1995
Box 136
191 22 Sollentuna

# THE GENESIS AND STRUCTURE OF KURDISH NATIONALISM IN IRAN


ABBAS VALI

پەیدا بوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران

DEPARTMENT.of POLITICS

نووسینی: عەبباسی وەلی

دیپارتمانی سیاسەت زانکۆی وێلز سوانزی بریتانیای مەزن نۆڤامبری ١٩٩٤

University of Wales, Swansea U.K. November 1994


وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە بۆ کوردی خواروو حەسەنی قازی ژوییەی ١٩٩٥

Translated from English into south Kurdish Hassan Ghazi

July 1995


دەقی فەرانسەیی ئەم وتارە لە ژێر ناوی

Genése et structure du nationalisme kurde en Iran

" Peupeles Méditerranées

لە ژمارەی ٦٨-٦٩ی گۆڤاری

چاپی فەرانسە ژووییە- دیسامبری ١٩٩٤ دا بلاو کراوەتەوە. نووسراوەکە لە

بناوانەوە بە ئینگلیسییە.



هەواڵنامەی کتێب

# پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران

لە نووسراوەی کوردی دا سەبارەت بە مێژوو دەستەیەک بیروڕای بە نفووزی ئەوتۆ هەن کە ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران دەبەنەوە سەر سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدوڵا لە دژی ئیمپراتوری عوسمانی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا . وا دەگوترێ، ئەو سەرهەڵدانە، تۆوی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی لە خاکی کورد لە ئێران دا چاند، چوونکوو بەدەم تەنینەوەی بەرەو ڕۆژهەڵات سنووری ئێرانی تێ پەڕاند و ناوچەی باکووری - ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێی داگرت. دوایە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بوو بە جەرەیانێکی کە هەر لە گەورە بووندا بوو و لە ترۆپکی خۆی دا گەیشتە ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی دامەزرانی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا، چالاکییە سیاسییەکانی هێزە کوردەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێران لە سەروبەندی نێوان ساڵانی ١٨٨٢-١٩٤٦دا، چ بە شێوەی لێ وەدەست هاتن بووبن یا بۆ خۆ پاراستن [لە ڕوانگەی نووسەرە کوردەکانەوە] بێ لەبەر چاوگرتنی بناخەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی سیاسی، قەوارەی ئیدیئۆلۆژی و ئامانجی ستراتیژی ئەوان بە ناسیۆنالیستی دادەنرێن.(١)

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست ئەم ڕوانگە مێژووگەرە ( historicist ) لەمەڕ پەیدا بوون و بەخۆداهاتنی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی ئێران و کونسێپتی کاکڵ گری (essentialist) نەتەوەی کورد کە ئەو بۆچوونەلە سەر ئەو داندراوە بەرپەرچ دەداتەوە. لێکۆڵینەوەکە ئەم قسەیە دەهێنێتە گۆڕێ کە ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران دیاردەیەکی مۆدێرنە. و ئاکامی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی - ئابووری و فەرهەنگییە کە بە هۆی نوێکردنەوەیەکی وەزەند پێگەیێن و لادەرانە کە دوای سەرهەڵهێنان و پەیدا بوونی دەستەڵاتی سەرەڕۆیانەی پەهلەوی پاش شەڕی یەکەمی دنیاگر بەڕێوە چوو پەیدا بوو. وڵامی کوردەکان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی بە نێوەندەوە بەستنی خاک و جەرەیانی

فەرهەنگی بۆ ساز کردنی هەوێتێکی "نەتەوەیی" ئێرانی تاقانە کە لە لایەن دەوڵەتی پەهلەوی را بەڕێوە دەچوو هەلومەرجی سەلمێن(Discursive) و ناسەلمێنی پێکهاتنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی دیاری کرد. کە لە ترۆپکی خۆی دا گەیشتە کۆماری مهاباد. [لەم لێکۆڵینەوەیەدا]، لەوەش زیادتر، ئەم قسەیە دێتە گۆڕێ کۆمار پەیدا بوونی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن لە کوردستان دەسەلمێنێ: چ بناخە کۆمەڵایەتی و داوو دەزگاکانی، و چ قەوارە سیاسی و ئیدیئۆلۆژییەکانی بە هۆی ژمارەیەک لە پێوەندی و هۆکاری جۆربەجۆرەوە دەناسرێتەوە کە ناکرێ تەنێ ببردرێنەوە سەر بنەڕەتێکی تاقانەی مێژوویی.

ئێران بەدەم یەکانگیر بوونی وردە وردەی ئابووری پێش – سەرمایەداری خۆی لە بازاڕی جیهانی کاپیتالیستی دا پێی نایە سەدەی بیستەمەوە، پرۆسەیەکی کە لە دەیەکانی سەرەتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە چالاکانە لەکاردا بوو. تەنینەوەی بەرهەمهێنانی کالایی و ئابووری دراو لە لایەکەوە بەشێکی زۆر لە چینی خاوەن موڵکی کێشابووە نێو بازاڕ، و لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوەندە شارییە سەرەکییەکاندا هۆی هەڵماسینی پلەی بورژوازییەکی بازرگانی بە توانای ساز کردبوو. بەرەو پێشچوونی ئابووری ببووە هۆی ساز بوونی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و کێشەی ئیدیئۆلۆژی و ئەوەش ناڕەزایەتی سیاسی لە نێو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی دا کە فەرهەنگی تازەی نوێکردنەوە شوێنی لەسەر کردبوون پێک هێنابوو. خاوەنموڵکە گەورەکان و بورژوازی بازرگانی تێر و تیرق، ئەگەرچی ئەوەندە بەهێز نەبوون توێژی پێش – سەرمایەداری خۆیان ناوەژوو کەن، خۆیان لە دۆخێکی ئەوتۆدا بەدی کرد کە دەبوو بە گژ بناخەی هەڵومشاوەی ئۆتۆکراسی قاجاردا بێنەوە کە، لەبەر حەوجێتی زۆری بە داهاتی زیادی، هەتا دەهات چڵێستر دەبوو و زیادتر مرخی لە سەرچاوەی داهاتیان خۆش دەکرد. کەمبوونەوەی نرخی دراوی زێو، زیادکردنی مالییات و سەرانە و چوونە سەری عەوارێزی گومرگ پێشیان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە بازاڕدا گرت، کە هەم سەرچاوەی داهاتی زەوی و هەم قازانجی بازرگانی بوو. ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی کە ئاخرەکەی لە نێوان ئەو دوو چینانەدا پێک هات بنچینەیەکی پتەوی ئابووری، شکڵی سیاسی، یەکپارچەیی ئیدیئۆلۆژی و نوێنەرایەتی گەلی هەبوو. ئەو ڕێککەوتنە بەکار بوونی خۆی سەلماند کاتێک کە ڕووناکبیران چ ئی کۆنەباو و چ ئی تازەباو، چالاکانە پشتیوانییان لێکرد و بە دەنگ هاوارییەوە چوون بۆ ئیسلاحی کۆمەڵایەتی – ئابووری و

سیاسی.

شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٦ ، کە جێی بە فەرمانڕەوایی ئۆتۆکراتی چۆڵ کرد و حوکمێکی پادشایەتی مەشرووتەی (دەستووری) لەجێ دانا ، گەرای ناسیۆنالیزمی ئێرانی شی دانا ، کۆنسێپتی نەتەوەیی ئێران، کە بەدەم بزووتنەوەی مەشرووتە خوازییەوە دژایەتی دیموکراتیی گەلی لە ئاست ئۆتۆکراتی وەڕوو خستبوو و کرینگی کردبووەوە. هاتە نێو دەربڕینی ڕەسمی سیاسییەوە. [کۆنسێپتی نەتەوەی ئێران] لە قانوونی بنچینەیی دەوڵەتی تازەدا وەکوو سەرچاوەی سەروەری (حاکمییەت) و ڕەوایی (حەقانییەت) ناستە کرا . قانوونی بنچینەیی ڕای گەیاند، سەروەری، بۆ دابەش کردنی نابێ و هەتا هەتاییە. و یەکێتی نەتەوەی ئێران و پتەوی و تەواوەتی خاکی ئێران مەرجی لە دابەش بوون نەشیاو و هەتاهەتایی بوونیەتی. بەڕێوەبردنی ئەو قانوونە خرا سەر شانی حکوومەت کە بە هۆی ڕای گشتی لە هەڵبژاردنی دەورەیی دا جێبەجێی بکا. قانوونی ١٩٠٥ بە ئەغدەن پێوەندییەکی زەینی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەت دا لە سەر بناوانی دیمۆکراتیی جۆی کردنەوەی دەستەڵات و سەروەری گەل ساز کردبوو. ئەگەر چی شکڵی دامەزران و بناخەی ڕێکخستنی دەوڵەت بە ڕوونی لە قانوون دا داندرابوو. بەڵام ئەو بەڵگەیە سەبارەت بە تەبیعەت و هەلومەرجی هاووڵاتییەتی لە دەوڵەتی تازەدا بە تەواوی لێل بوو.(٢)

[ئەو قانوونە] کۆنسێپتێکی دیمۆکراتیی هاووڵاتییەتی تێدا بوو بە ڕێگەی جێکردنەوەی عیبارەتێک سەبارەت بە ماف و ئەرک کە پێوەندی نێوان تاک و تەرا و دەوڵەتی دیاری دەکرد و ئەوانەی بە تەرتیب بە دوو مەرجی دیکە واتە سەروەری گەل و هەوێتی نەتەوایەتی دەبەستەوە. قانوونی بنچینەییەکە مافی دەنگدانی هەر بۆ دانیشتوانی خوێندەواری نێرینە لەبەر چاو گرتبوو. و بەم پێیە ژنان و خەڵکی نەخوێندەواری لە جەرەیانی سیاسی ڕەسمی دەرهاویشتبوو. بە لەبەرچاو گرتنی کۆمەڵگەی ئێران لە بەرایی سەدەی بیستەمدا ، مەرجی زایەندی (جینسی) و خوێندەواری بە شێوەیەکی کاربڕ بەڕێوە چوونی سەروەری گەل و مافی دیمۆکراتیی بەشداری کردن لە جەرەیانی سیاسی دا بەرتەنگ دەکرد و ئەوەی هەر بە دەستەیەکی بەر تەنگ لە هاووڵاتییان ڕەوا دەدی، بە دەرەجەی یەکەم نێرینەی خوێندەواری چینی نێوەڕاستی دانیشتووی نێوەندە شارییە سەرەکییەکان. ژنانی ئێرانی و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی نێرینەی لادێیان دەبوو ئەرکەکانی دەوڵەت ڕەچاو کەن بە بێ ئەوەی

هەواڵنامەی کتێب

چ مافێکیان بۆ لەبەر چاوگیرابێ بۆ ئەوەی شوێن لە جەرەیانی سیاسی بکەن، دیار یی کردن و پێناسە کردنی تۆوەکانی پێکهێنەری هەوێتی نەتەوایەتی، ئەگەرهاتبا و دیاریش کرابان، بەربەست کردن و بەرتەنگی پێکهێنانێکی دیکە بوو بۆ هەلومەرجی هاووڵاتییەتی لە دەوڵەتی مەشرووتەدا. قانوونی بنچینەیی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمی نەتەوە. زمانی ئیداری و خوێندن ئێودێر کرد و هەڵکەوتی ئەوی لە زمانە خۆجێی و ناوچەییەکان بەرەوژوورتر برد. لەوانە کوردیش. ئەو زمانانە نە بە ڕەسمی دانیان پێدا هات و نە حاشاشیان لێ کرا، هەمان کاری سەبارەت بە ئێتنیسیتییەکانی نافارس کرد. قانوونی بنچینەیی سەبارەت بە بابەتی ئێتنیسیتی بێدەنگەی لێ ڕاکرد، پێوەندییە ئێتنیکییەکان لە بۆچوونی گشتی نەتەوەی ئێران ترێنجێندران کە هەوێتی وی بەشێکی بە ڕێگەی زمانی فارسی (و شیعەی دوازدە ئیمامی) دیاری کرا، و تا رادەیەکیش بە لێڵی مایەوە. بەم پێیە فارسی بوو بە زمانی حاکم. بە زمانی سیاسەت و دەسەڵات، هۆی دەستڕاگەیشتن بە زانین و وەسیلەیەک بۆ نوێکردنەوە و بەرەوپێشکەوتن.

هەوێتی نەتەوایەتی ئێرانی هەوێتی هاووڵاتییان، و وەسیلەی وەخۆکرانی ئەوان لە لایەن حکوومەتی دێمۆکراتی تازەوە بوو و بوو بە شوێنی ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتییەتی و سیاسییان. [ئەو هەوێتییە] پێویستی بە یەکێتی و هەتا هەتایی بوون هەبوو. بەم پێیە قانوونی بنچینەیی ١٩٠٥ ئەگەرچی شتێکی سەبارەت بە دیاری کردنی ئێتنیکی هەلومەرجی هاووڵاتییەتی تێدا نەبوو، [بەڵام] دەرهاویشتنی جیاوازییە ئێتنیکییەکان لە جەرەیانی سیاسی گەیشتە حاشا لێکردن لە هەوێتی ئێتنیکی و دابڕانی پێوەندییەکانی لە مەڵبەندی حەق و مافان.

ئەو حاشا لێکردنە لە بن [پەردەی] بێدەنگی لێ ڕاکردن سەبارەت بە جۆربەجۆر بوونی ئێتنیکی و فەرهەنگی نەتەوە شاردرابوووەوە کە هەڵوێستی ڕەسمی قانوونی بنچینەیی وەڕوو دەخست. لەگەڵ ئەوەشدا، هێندەی پێ نەچوو، ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە تاراوگە (موهاجرەت) ئەو بێدەنگییەی لە دەربڕینە ڕەسمییەکاندا شکاند. کاتێک کە قسە هێنانەگۆڕێ بە مەبەستی بووژانەوەی نەتەوایەتی و پێشکەوتن لەسەر حەوجێی دەستبەجێ بۆ نوێکردنەوەی سیاسی و ئابووری داندرا. نوێکردنەوە وا لێک دەدرایەوە کە بەر لە هەموو شت پێویستی بە سانترالیزمی سیاسی و ئیداری هەبێ: واتە، بوروکراسییەکی مۆدێرن. ئەرتەشێکی نەتەوەیی. سیستەمێکی تاقانەی ماڵییات و

ئامووزشتیکی لاییک (عیلمانی). لێک هاڵاندنی سانترالیزمی سیاسی و نوێکردنەوە لە دەربڕین و ئارداوێژی ڕەسمی دا مانای ئەوە بوو کە ئیتر لەو دەمییەوە واوە هێز و مەیلە نا ئێوەندییەکان دەکرا بە کۆنە باو دابنرێن، [و] نیشانەو دەلالەتێک بن لەوە پاشکەوتوویی و کۆنە پەرستی، و دژی مێژوو، تا ئەو جێیەی کە ئەوان بەڕاستی یان هەر بە قسە هەوڵیان دابا بگەڕێنەوە چاخی ڕابردوو. پێداگرتن لەسەر سانترالیزمی سیاسی لە سەردەمی مەشرووتەدا، ئەگەر چی ڕەواییەکی پتەوی هەبوو بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی ئێران، سەرەڕۆیی شاراوەی نێو دەربڕینی ڕەسمی لەمەڕ نوێکردنەوەی وەڕوو خست. و لە ئاکام دا بوو بە نیشانەی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی لە ژێر فەرمانڕەوایی پەهلەوی دا.

لە سەرویەندی مەشرووتە (حوکمی دەستووری)دا، کوردەکانی ئێران لە پلەیەکی ئەوتۆ دا نەبوون کە بە گژ جاشاکران لە هەوێتی خۆیان لە قانوونی بنچینەیی دەوڵەتی تازەدا بێنەوە. ئەوە چ پێوەنان و گەورە کردنەوە نییە کە بگوترێ وشیاریی نەتەوایەتی بە کۆمەڵیی کورد، تا ئەو جێگەیەی کە ئەوە نیشانەیەک بێ لە وشیارییەکی هاوبەش سەبارەت بە بوونێکی هاوبەش لە مێژوودا و ئامانجێکی هاوبەش لە سیاست دا، لە نێو کوردەکانی ئێران دا نەبوو. چ گومانی تێدا نییە کە بەرەوپێشچوونەکانی سیاسی و ئیدئولۆژی لە خاکی کورد لە ئیمپراتوری عوسمانی دراوسێ دا شوێنی لەسەر لە خاکی کورد لە ئێران کرد. بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵا. کە بە ڕواڵەت خەباتی دەکرد بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو، بەشێکی بەرچاوی لە خاکی کورد لە ئێران گرتەوە، و تەواو لەوانەیە بوویێتە هۆی شین بوونی بیری ناسیۆنالیستی، و ئەو فکرەش لەبەر هەڵومشانی دەسەلاتی نێوەندی ئێران و هێرش و دەستێوەردانی پەیتا پەیتای تورک لە سەردەمی مەشرووتە دا زیادتر هێزی وەبەر هاتبێ. (۲) بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە ساڵانی ئاڵۆزی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێران دا، چ (کۆڕی) ڕووناکبیری کورد بە بۆچوونی ناسیۆنالیستی لە سیاسەت یان ئەدەبیات دا لە کوردستان پەیدا نەبوو. و نە هێزێکی ڕێکوپێکی سیاسی کورد بە ڕێکخستنێکی مۆدێرنی سیاسییەوە لەئارادا بوو کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ناسیۆنالیستییەکان کاربکا، جا چ هێزێکی تەنگەبەر و بەسنوور یان چڵ و نیوە چڵ. تەواو لەوانەیە بیری ناسیۆنالیستی بە چڵ و نیوە چڵی لای چەند تاک و تەرا یان بازنەی کۆڕو کۆمەڵی ئاگادار سەری هەڵدابێ، بەڵام نە دەربڕینی سیاسی و نە ئی ئەدەبی دەرنەکەوت کە هەبوونی جەرەیان و کردەوەی

سیاسەتی ناسیۆنالیستی نیشان بدا. (٤) بە پێچەوانەی ئەو قسانەی دەکرێ، کوردەکان بە گشتی لە جەرەیانی شۆڕشگێڕانە دوورە پەرێز بوون، و لە زۆربەی ئەو کەیسانەی دا کە بەڵگە بەدەستەوەن کوردەکان لەبەرەی دژی شۆڕش دا بوون) (٥) سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان لە ئازەربایجان هێزی خۆیان خستە پاڵ هێزە دژی - شۆڕشەکان لە هەوڵێکی ناسەرکەوتووانەدا بۆ دامەزراندنەوەی ڕژیمی کۆن. (ancien regime)(٦) ئامانجی ئەوان ئەوە بوو کە بنەمای فیئۆدالی زاڵ بوون و دەستڕۆیشتوویی بپارێزن کە بەلانی کەمەوە لە سەدەی شازدەهەمەوە بەشێک لەو بوون، و کە ئۆتۆنۆمی ئیداری و دارایی ئەوانی لە ئاست دەستەلاتی ناوەندی سیاسی دەستەبەر کردبوو.(٧) بەڵام سۆنگەی سەرەکی بۆ بزر بوونی کوردان لە مەیدانی سیاسی لە سەرویەندی مەشرووتەدا [دیاردەیەکی] بناخەیی بوو، ئەویش دەگەڕایەوە سەر بەردی بناخەی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەرویەندی.

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم و بەرایی سەدەی بیستەم دا لە کۆمەڵگەی کورد دا پێوەندی پێش - سەرمایەداری زاڵ بوو و ئەو کۆمەڵگەیە تا ڕادەیەکی زۆر وەرزێری بوو. پێوەندی کالایی بە زەحمەت کاری کردبووە سەر بناخەی پێش - سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، کە هە ر وەها بەسەر ئابووری شارانیش دا زاڵ بوو. تەجارەت و بازرگانی لە بارێکی پاشکەوتوو دا بوو و تەکانێکی زۆر کەمی دا بە بەرەوپێشچوونی هێزە بەرهەم هێنەرەکان، لێک هەڵناواردنی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی. ژیانی شارنشینیی کورد زۆربەی پێوەندی سەرەتایی، وەفاداری و ئەوجۆرە بایەخانەی بەسەردا زاڵ بوو کە خەسڵەتی چینی خاوەنموڵکی عەشیرەتی دەردەخست. دانیشتوانی شاران بە نیسبەت کەم بوون و بەگشتی بە بەرهەمی کشتوکاڵی و چینی خاوەنموڵک بەستراوبوونەوە. ئەوانە ئەوەندە پێشوە نەچووبوون کە فەرهەنگێکی ڕێکوپێکی شارنشینی پێکەوە نێن [کە بتوانن] بیروڕاکانی ئیسلاحی کۆمەلایەتی و نوێکردنەوەی سیاسی کە لە لایەن ڕووناکبیرانی ئازەری و فارس را لایەنگری و بانگەشەیان بۆ دەکرا وەربگرن. توێژی سەرەوەی چینی کۆنەباوی بازرگانی کە لە بەر سات و سەودا لەگەڵ ناوەندە دوورەدەستە شارە سەرەکییەکانی رووسیای قەیسەری تێکەلاوی هەبوو و گوێی لە بیری ئیسلاحی، پێشکەوتن و نوێکردنەوەی فەرهەنگی ببوو، ژمارەی زۆر کەم بوو و زۆر لەوە کزتر بوو کە بتوانێ ئاڵوگۆڕێکی جێیّ سەرنج لە قەوارەی فەرهەنگی ژیانی شارنشینی لە شارە کوردنشینە

سەرەکییەکان لە ئێران دا پێک بهێنێ. سەرۆک عەشیرەتەکان بە پیاو و سوارە و دەستوپێوەندە ناوچەییەکانیانەوە، کە ئەغلەب تاک و تەرای رووناکبیری کۆنەباویشیان تێدا بوو (زۆربەیان پیاوی ئایینی گەنجی سوننی کە فارسی و عەرەبی یان باش دەزانی و بە رادەیەکی کەمتریش سەریان لە ئەدەبییات و مێژووی تورک دەردەچوو)، بە گشتی تاقە بەشی چالاکی سیاسی لە نێو دانیشتوانی کورد دا بوون. کوردستانی ئێران بە بەراورد کردن (لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا)، بەشی هەرە پاشکەوتووی خاکی کورد بوو، و بە پێچەوانەی کوردە عوسمانییەکا ن کوردەکانی ئێران نەیان توانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رووناکبیرانی لاییک (عیلمانی) پەروەردە بکەن. (٨)

سیاسەتی عەشیرەتی بەو شوێنە هەڵکەوتووەی کە هەیبوو، بەرێگەی [هەودای تۆرەمە و [خزمایەتییەوە] هەڵدەسووڕا و تۆڕێکی پێچەڵپێچی وەفاداری و سەروبەرهێنانی رایەڵ کردبوو کە لە تۆرەمەوە و بنەچەکەوە ریشەی دەگرت و تەنیا بناخەیەکی رێکوپێک بوو بۆ رێکخستن و وەگەڕخستنی دەسەڵات.(٩) هێزارشی فەرمان و گوێڕایەڵی لە چوارچێوەی نەزمی عەشیرەتی دا ئەستوونی بوو، و دەسەڵات لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە لە جەرەیان دا بوو. هاوشان لەتەک بنەمای ئەستوونی فەرمان دان و دەستڕۆیشتوویی تۆڕێکی ئاسۆیی ش هەبوو کە لە بن - تیرە یان بن - عەشیرەت بە قەوارەی سیاسی خۆیانەوە پێک هاتبوون، کە دەسەڵاتی تیرە یان بەرەباب (خانەدان) یان بە هێزتر دەکرد. قەوارەی سیاسی و نیزامی عەشیرەتە کوردەکان بە رێگەی بناخەی ئابوورییەوە پتەو و قایم دەکرا کە لە بناوانەوە هەر وەک ئەو دۆخە بوو کە لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی نا- عەشیرەتی لە کوردستان و بە گشتی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دا هەبوو. (١٠) جگە لە عەشیرەتە کۆچەرەکان نەبێ، کە زۆرتر خەریکی بەرهەمهێنانی شوانکارەیی بوون، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لەسەر زەوییە عەشیرەتییەکاندا لەسەر شانی خێزان بوو. بەشێوەی ئاسایی خێزانی ناوک، کە مافی ئەوەی هەبوو زەوی رەعەمەل بهێنێ و لەبری ئەوە دەبوو بەشێک لە بەرهەمەکە بدا بە خاوەنموڵک. مافی بەکارهێنانی زەوی زۆرتر دەورێک بوو کە درابوو بە خێزان، بەڵام پێوەندی بەرهەمهێنان بە هۆی رێککەوتن لەسەر کرێ (ئیجارە)، بەش پێبڕان لە حاسڵات یان بەهرەیەکی دیاریکراو رێک خرابوو، کە ئەوەش میکانیزمی ئابووری چەوساندنەوە لە چوارچێوەی عەشیرەت دا بوو. زەوی عەشیرەتی موڵکی تایبەتی سەرۆک عەشیرەت و بەردی بناخەی دەسەڵاتی ئابووری بوو. ئەوەش یەکەم

دەستاوێژێک بوو کە بەڕێگەی ویدا سەرۆکایەتی عەشیرەتە کوردەکان و قەواو سیاسی و نیزامیەکانی کوردەکان وەسەر بناخەیەکی بەربلاوتری هێز و دەستەلات خران لە چوارچێوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئێران دا .(١١)

بنەچەکەی عەشیرەتی وەک بنکەی ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەو هەلومەرجەی بوو کە بە دوای بە تۆبزی تێکدانی میرنشینەکان دا هاتبووە گۆڕێ دوای یەکەم دابەشبوونی کوردستان. ئەو میرنشینانە، کە بە دەور و بەری دەوڵەتی ئێرانەوە هەبوون، و باج و خەراجیان دەدایە لە چوارچێوەی ئەزمێکی گوێڕایەڵی لێکردن دا و ئەوە ئۆتۆنۆمییەکی نێوخۆیی و هەڵسووڕانی بۆ دابین کردبوون.(١٢) نێوانی عەشیرەتە کوردەکان و دەوڵەتی ئێرانیش لەسەر بنەمایەکی فیئودالی بوو و بەڕێگەی دانی زەوی لە لایەن فەرمانڕەواوە بە سەرۆکایەتی عەشیرەتەکان و ئەوانیش لە جیاتیان بە دابین کردنی دەستەی چەکدار و سوارە پارێزرا بوو. داهاتی زەوی [و] خزمەتی عەسکەری لایەنی هەرە گرینگی ئەو پێوەندییە بوو و پێوەندییەکانی دیکە وەکوو مالییات و عەواریز زۆرجار سەروبەریان دیاری نەکرابوو، بەم پێیە ئەو وەزعە رادەیەکی گرینگ لە ئۆتۆنۆمی بۆ سەرۆکایەتی عەشیرەتەکان پێکەوە نابوو کە خۆیان لە زەمینەی ئابووری و سیاسی دا پێوەندییەکانیان لەتەک ئەندامانی عەشیرەت دا هەڵسووڕێنن. بناخەی زاڵ بوون و دەستڕۆیشتوویی بە هۆی ڕوونتر کردنەوەی چلۆنایەتی خاوەنیەتی زەوی و خێزان پارێزرا و ڕوحی وەبەرنەندراوە کە ئەوەش بووە هۆی دەستەبەر کردنی لێ ئەستاندنی زێدە بایەخی ئابووری لە ئەندامانی عەشیرەت کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان خەرجی ڕاگرتن و پاراستنی چەکدار و دەستوپێوەندی سەرۆکیان دابین دەکرد. ئەو پێوەندییە سێ لایەنەی نێوان دەوڵەتی ئێران، سەرۆکایەتی عەشیرەتی کورد، و ئەندامانی عەشیرەتەکانیان هەر تایبەتی بە کوردستان نەبوو بەڵکوو نموونەیەکی گشتی بوو لە هەموو ناوچە عەشیرەت نشینەکانی ئێرانێ دا. (١٣) لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە پێوەندی دەوڵەت – عەشیرەتی لە کوردستان [لە جێیەکانی دیکە] جوێ دەکردەوە، هەڵکەوتی ستراتیژی هەرێمەکە بوو، کە سنووری لە خاکی عوسمانی دەکەڕایەوە و هاوسێی بوو. دەوڵەتی عوسمانی بە ئەغدەن لە ساڵی ١٥١٤ بە ڕێکەوتنێکی سیاسی - نیزامی لەگەڵ میرنشینە سەرەکییە کوردەکان کە بە شێوەیەکی لە زێدە لە هەوڵ و کروکاشی سەفەوییەکان بۆ بە دەوری نێوەندەوە کۆ کردنەوە و شیعەیاندن ترسیان ڕێ نیشتبوو بەشێکی گەورە لە هەرێمی کوردی وەسەر خاکی خۆی

خستبووەوە. بەڵێنی ئۆتۆنۆمی سیاسی و ئازادیی ئایینی لە لایەن عوسمانییەکانەوە بۆ ئەوەی میرە کوردەکان لایەنگری و پشتیوانی خۆیان بگۆڕن تەئسیری خۆی کردبوو. دەوڵەتەکانی یەک لە دوو یەکی ئێران لە دوو پاتە بوونەوەی ئەو تەجروبە تاڵە دەترسان، و ئەو ترسەش سۆنگەی سەرەکی بوو بۆ لەنێوبردن و هەڵوەشاندنی خێرای ئەو میرنشینە کوردییانەی کە هێشتا مابوونەوە، و هەروەها ئەزمێکی تازەی هێمنی پاراستن و چاو بەسەرەوە بوون، کە بە ڕێگەی قەوارەی سیاسی عەشیرەتەکان هەڵدەسووڕا. کە دوای ساڵی ١٥١٤ وردە وردە جێی میرنشینەکانی گرتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی ئێران هەڵوێستێکی تا ڕادەیەک جیاوازی لە بەرامبەر عەشیرەتە کوردەکان ڕەچاو کرد. ئەوان لەچاو عەشیرەتەکانی شوێنەکانی دیکەی ئێران کەوتنە بەر کونترۆڵێکی سیاسی توندتر و کۆنترۆڵێکی دارایی شل و هێمنتر.(١٤) ئامانجی سەرەکی ئەو سیاسەتە ئەوە بوو کە پشتیوانیی عەشیرەتە کوردەکان لە پێوەندییەکانی سەر سنوور لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا دەستەبەر بکرێ. لەکاتێکدا پێشی بە ئەوەش دەگرت کە کۆنفیدراسیۆنی گەورە و بە دەستەڵاتی عەشیرەتی لە کوردستانی ئێران دروست بێ. ئەو کۆنفیدراسیۆنانە بەردی بناخەی قەوارەی سیاسی میر نشینە کوردکان، و سەرچاوەی هێزی عەسکەرییان بوون.

ئەگەر چی پێوەندی ڕۆژی نێوان دەوڵەتی ئێران و عەشیرەتە کوردەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە پارسەنگی هێزی سیاسی و عەسکەری نێوان ئەوان بەسترابووەوە [بەڵام] لەسەردەمی دواتر دا سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران شوێنێکی هەمیشەیی لەسەر ئاڵوگۆڕی بناخەیی و ڕێبازی سیاسی عەشیرەتەکان لە سیاسەتی کوردی دا هێشتەوە.

تەدارەک و ئامادە کردنی پیاو و دەستە و سوارەی نیزامی بۆ دەوڵەت لە چوارچێوەی قاڵبێکی سیاسی نا - نێوەندی دا تەنیا دەوری سەرۆکایەتی عەشیرەتی کورد نەبوو. ئەو بۆشایی هێزەی کە دوای تێکدانی میرنشینە کوردەکان لە نێوەندە شارییەکانی کوردیش دا هاتبووە گۆڕێ لە لایەن سەرۆکایەتی عەشیرەتی را پڕ کرایەوە. سەرۆک عەشیرەتەکان کران بە فەرمانڕەوای خۆجێی. و شارە کوردییەکان بوون بە جێ تەختی دەستەڵاتی عەشیرەتی، بەم پێیە پێوەندییەنی تۆرەمەیی و سەرەتایی بەردەوام بوون بۆ بەهێز کردنی قەوارە چڵ و نیوەچڵە سیاسی و ئیدارییەکانیان. بە تەئسیری شل کردنەوە و کوند کردنی پێشوەچوونی فەرهەنگی لە نێوەندەشارییەکاندا، ئەو کردەوە و دۆخە تا ئاخری سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو، کاتێک کە حکومەتی قاجار،

کە بە چنگ لە کورتی دان و داکشانی خۆڵێنە بوێری سیاسی و ئابوورییەوە گیری خواردبوو، ئەو سیاسەتەی ڕەچاو کرد کە جێی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان لەق کا و ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوایان لە جێگە دانێ. ئەو سیاسەتە ڕەنگە بەشێکی لەبەر هۆی هێمنی بووبێ، وەک وەڵامێک بۆ ئەو تەنسیرەی کە بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵا لە دوای خۆی هێشتبوویەوە، و بەشێکیشی بۆ بەردەوام کردنی فرۆشتنی دەستەڵات و کاربەدەستێتی کە ئیتر ببوە کردەوەیەکی ئاسایی بۆ تێهەڵێنانەوەی داهاتی داشکاو و بێ ڕەمێنی دەوڵەت، هۆی ئەو کارە هەرچییەکی بووبێ، سیاسەتەکە زۆر بێزراو و ناخۆشەویست بوو، و ئەو وەزعە ئاڵۆز و شپرێوەی بێ قانوونی و نالەبارەی کە لە گۆڕێ دا بوو ئەوەندەی دیکەش خراپتر کرد. فەرمانڕەوا قاجارەکان خەڵکی لاوەیی بوون، و چ پێگەی هێزی خۆجێی یان نفووزیان نەبوو. ئەوان بەسەر ئەو جۆرە شارانەدا حوکمیان دەکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووری سەرۆکایەتی عەشیرەت دا بوون. کە بە بێ دڵی سەرۆک و بێ هاوکاری وی [چەرخی] کاری حکوومەت لەگەڕ دەکەوت و ڕادەوەستا. هەر بۆیە، فەرمانڕەوا قاجارەکان، دەستیان بەوە کرد کە سەرۆکە ناوچەییەکان لە دژی یەکتری بەکار بهێنن بۆ ئەوەی دەستەڵاتی هەڵپرووکاوی خۆیان بپارێزن. کردەوەیەکی کە بە تەواوی دەکار کرا ئەوکاتەی کە [ئاگری] شۆڕشی مەشرووتە خوازی هەڵئایسا.

بەشداری سەرۆکایەتی عەشیرەتی لە سیاسەتی دژی شۆڕشی لە سەرویەندی مەشرووتە دابێگومان تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئامانجی کۆنەپارێزی و زیندوو کردنەوەی [باری ڕابردوو] بوو. ئەوە هەوڵێک بوو بۆ پاراستن یان زیندوو کردنەوەی ئۆتۆکراسی فیئودالّی کە لە ماوەی چوار سەدەی پێشوودا هێز و ئیمتیازی ئەوانی دەستەبەر کردبوو، هەوڵێک بۆ پاراستنی ئەو بناخەیەی لە گۆڕێ دا بوو بۆ خاوەنیەتی زەوی لە دەرەوەی شاران و وەدەست هێنانەوەی سەرۆکایەتی سیاسی لەکیس چوو لە شارەکان دا، ئەوانی وا لێکرد تێوە بچن و کارێک بکەن. بابەتەکانی وەک داکۆکی لە کوردەکان و هەوێتی ئیتنیکی و مافەکانیان، ئێستا کەوتبوونە بەر [سێبەری] کۆنسێپتی گشتی هەوێتی ئێرانی لە بەڵگەی قانوونی بنچینەیی و لە دەربڕینە ڕەسمییەکانی حکوومەتی مەشرووتەدا [و ئەوانە] لە بناوانەوە لە دەرەوەی تێگەیشتن و بۆچوونی سەرۆکایەتی عەشیرەتی دا بوون. لە سەردەمی مەشرووتەدا سەرۆکایەتی سیاسی کۆمەڵگەی کورد وشیاریی نەتەوەیی نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی مەشرووتە خەریکی شەڕ و لەسەر خۆ کردنەوە بۆ مانەوە بوو، و ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای شۆڕش ڕوحی دیمۆکراتی وی لە قالبی قانوونی وی فڕێ دابوو بەر لەوەی کە ئاخرەکەی بە هۆی حوکمی سەرەڕۆیی پەهلەوی پشووی لێ ببڕێ و بخنکێ. ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان خاوەنمولکە گەورەکان و سەرمایەی بازرگانی و هاوکاری چالاکانە لە نێوان ڕووناکبیرانی کۆنە باو و نوێخواز لە زەمینەی سیاسی و ئیدئۆلۆژی دا، کە ببووە دەستەبەری سەرکەوتنی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی، ماوەیەکی درێژی نەخایاند. ئەو ڕێککەوتنە زوو دوای ئاخر هەوڵی ئۆتۆکراتی لەسەر کار لابراوی قاجار و پشتیوانە نێوخۆیی و دەرەوەییەکانی بۆ دامەزراندنەوەی ڕێژیمی پێشوو لە ساڵی ١٩١٢دا لە لایەن هێزەکانی مەشرووتەخواز ڕا تێک شکێندرا. بەربەرەکانی لەسەر هێز لە نێوان چینی خاوەن مولک و بورژوازی بازرگانی و بلاوبوونەوەی ئەو جۆرە بەربەرەکانییە سیاسی و ئیدئۆلۆژییە لە ڕیزی هێندێک بەش لە ڕووناکبیرانی کۆنەباو و نوێخوازدا کە هێشتا چالاک بوون، بە شێوەیەکی کاریگەر پێشی بە ساز بوون و خۆ داکوتانی داو و دەزگای دەستەلاتی دەوڵەتی لە وڵات داگرت. هەوڵ و تێکۆشانی پەیتا پەیتا و چەند پاتەوە بوو بۆ سازکردنی ئەرتەشێکی نوێ، سیستەمێکی یەککرتووی مالییات و خوێندن و پەروەردەیەکی گشتی و عیلمانی سەر نەکەوت و تێک شکا. حکوومەت دەری خست لە وزەی دا نییە دەرەجەیەکی کاریگەر لە سانترالیزمی خاک پێک بهێنێ، کە بۆ دەکار کران و بەکارهێنانی سەروەرییەکی تاقانە لە وڵات دا پێویست بوو. ئەو قالبە نوێیەی داو و دەزگای کە هەبوو ئەو نێوەرۆکەی نەبوو کە پشتیوانی لە جەرەیانە سیاسی و فەرهەنگییەکان بکا بۆ ساز کردنی هەوێتێکی یەککرتووی ئێرانی. شۆڕشی مەشرووتە گشت نیشانەکانی شۆڕشێکی ناچالاک و خۆپارێزی پێوە دیار بوو، بەو جۆرەی کە گرامشی شۆڕشی پاسیف پێناسە دەکا.

سەرنەکەوتن لە دامەزراندن و پتەو کردنی داو و دەزگای دەستەلاتی دەوڵەتی بوو بە هۆی بشێوێنی لە ژیندەی سیاسی و تێکەولێکەیی کۆمەلایەتی. کە ئەوەش ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزتر بوو و تەشەنەی سەند کاتێک کە ئێران بە تەواوی بە بێ دڵخوازی خۆی کێشرایە نێو شەڕی یەکەمی دنیاگرەوە. بەم پێیە کوردستان بوو بە مەیدان و شەڕگەی [شەڕوەەرای] هێزی ڕقەبەر. هێزەکانی تورک، رووس و بریتانیایی هێرشیان کردە سەر ئەو خاکە، و هەر یەکەی بەشێکیان یان بە تەنێ، یان بەیەکەوە گرت. و ئەمە کێشایە

هەڵوەشانی دەسەلات و دەزگای بەڕێوەبەری و چەت و قۆرت تێکەوتن لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بازرگانی لە هەرێمەکەدا. (١٥) شپرزەیی ڕوو لە زێدەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری بە شێوەیەکی کاریگەر بووە هۆی گرژ بوونی نێوانی ساردی هەرێمی کورد و نێوەند و بەم پێیە مەیدان بۆ هەڵناییسانی [ئاگری] یەکەم سەرهەڵدانی سەرەکی کورد لە ئێران ئامادە بوو.

سمایل ئاغای شکاک، ڕێبەری خێڵی عەبدۆیی فیدراسیۆنی عەشیرەتی شکاک، کە زیادتر بە سمکۆ ناسراوە، دەستی بە بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەک لە دژی حکوومەتی ئێران کرد. ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەی جۆر بە جۆر وەک بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی خوازی، بزووتنەوەی عەشیرەتی، یان هەر لە جێدا هەرا نانەوە بۆ جەردەیی و ڕاوڕووت نێودێر کراوە. پێناسە کردنی بزووتنەوەکە وەکوو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی و جیاوازخوازی چ لە لایەن ناحەزان و چ لە لایەن لایەنگرانییەوە یەکێتی لە سەرە و هەر وەها ڕوانگەی زیادتر نەرمیی وەک دانانی بە بزووتنەوەیەکی عەشیرەتی و جەردەیی. (١٦) ئەو پێناسە کردن و نێودێر کردنە جیاوازانەی بزووتنەوەکە و بۆ چوونی جۆربەجۆر سەبارەت بە خەسڵەتی ئامانجەکانی بە دەرەجەی یەکەم ڕیشەی لەوەوە ئاو دەخواتەوە کە مێژووی سیاسی ئەو بزووتنەوەیە و ئەو بەڵگانەی لە قسەکانی ڕێبەرەکەی لە هەل و موناسەبەی جیاواز دا بە دەستەوەن بە شێوەی جۆربەجۆر لێک دەدرێنەوە. لە نێو لێکدەرەوە کوردەکان دا. خەسڵەتی بزووتنەوەکە و ئامانجەکانی لە نزیکەوە بە بۆچوون و ڕوانگەی ئەوان بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، پەیدا بوون و بەرەو پێشچوونی گرێدراوە. جا بۆیە سەرنجێکی کەمیان داوەتە سەر بنەمای کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی سیاسی، شێوەی ئیدیئۆلۆژی و ئامانجە ستراتێژییەکانی بزووتنەوەکە خۆی، لە چوارچێوەیەکی هەراوتری مێژوو و سیاسەتی ئێران لەو سەروبەندی دا.

بناخەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی سیاسی، و سەرۆکایەتی بزووتنەوەی سمکۆ بە شێوەی سەرەکی عەشیرەتی بوو. ئاکار و هەڵس و کەوتی سیاسی بزووتنەوەکە، سەرۆکایەتییەکەی و هەر وەها لایەنگر و بەشدارانیشی، بەتەواوی عەشیرەتی بوو: ڕاوەڕووتی چەکدارانە و تاڵان و برۆی دانیشتوانی شاران و لادێکانی هەرێم، لەوانە ئەو کوردانەی وا نا- عەشیرەتی بوون، ئازەرییەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسۆرییەکان وا وێدەچێ کردەوەیەکی باو و ڕێیەکی کاریگەر بووبێ بۆ کۆکردنەوەی داهات [و پەیدا

کردنی دراو] بۆ ئەوەی تەبایی و هاوپێوەندی [نێوکۆیی] عەشیرەتەکان بپارێزدرێ. بەڵام کۆڵێک بەڵگە بە دەستەوەن کە چ لە لایەن ناحەزان و چ لە لایەن لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە پشتیان پێ دەبەسترێ، دەی سەلمێنن، کە سەرۆکایەتی عەشیرەتی و بە تایبەتی سمکۆ بۆ خۆی خاوەنی هەستێکی بیری ناسیۆنالیستی سەبارەت بە کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ بوون، بە پێی قسەی مەلا ئەحمەدی قزلجی (تورجانی زادە)، هاوکاری گۆڤاری ڕۆژی کورد کە لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٦ لە ورمێ چەند ژمارەی لێ چاپ کراوە، ئەو بیرە جاروبار لەوێدا بڵاو دەکرایەوە، ئەو گۆڤارە کە بە شێوەی سۆرانی دەردەچوو، بەکارهاتنی هەرە بەرایی زمانی کوردی وەکوو زمانێکی ڕەسمی لە کوردستانی ئێران نیشان دەدا.(١٧)

ئەگەرچی، تەواو لەوانەیە بیری کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لە لایەن سەرۆکایەتییەوە پەسن درابێ، [بەڵام] چ گومانی تێدا نییە کە ئەو بیرە قەت ئامانجێکی ستراتیژی (درێژخایەنی) بزووتنەوەکە نەبوو. دەربڕین و هەڵوێستی سیاسی ڕۆژی کورد وەکی دەگوترێ تا ڕادەیەکی زۆر کۆنسێپت و بنچینەکانی سیاسەتی دێموکراسی گەل، کە لە خەسڵەتەکانی دەربڕینی ناسیۆنالیستی مۆدێرنە بەلاوە غەریب بوو، [لە کاتێکدا] ئەو جۆرە [دەربڕینانە] لە دەربڕین و ناردناوێژی ڕووناکبیرانی کورد لە ئاخر و ئۆخری سەرویەندی عوسمانی دا هەتا بڵێی باو بوون. مێژوو نووسینی ناسیۆنالیستی کە لە دژی ئەو شێوە پێناسەکردن و نێودێرکردنەی بزووتنەوەکەیە تەنێ بە پاڵدانەوە بە خەیاڵ و کردەوەکانی سەرۆکایەتی، کە لە ئاست دەستەڵاتی نێوەندی ڕاسا و سەری وەبەر نەهێنا و شەڕە جەنگی نوێنەرایەتییەکەی لە کوردستان کرد [پێمل و ڕازین] بە بێ ئەوەی برووسکەیەکیش باسی شێوەی ئیدیئولۆژی و ئامانجە ستراتیژییەکانی [ئەو بزووتنەوەیە بکەن] و شی کەنەوە، ئەوەی کە بیری نەتەوەی کورد وەکوو [نەتەوەیەکی سەربەخۆ، و بابەتی پرۆسەی سیاسی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی لەچاو هەڵچەقیو لە دەربڕینە سیاسییەکانی سەرۆکایەتی عەشیرەتی دا بزربوو و دیار نەبوو، چ لە بەیانەکانی و چ لە ڕاگەیاندنە دیبلۆماتیکەکانی دا، لە کاتێکدا ئەو جۆرە [فکرە] لە ئاڵوگۆڕەکانی مێژووی کوردستان و هەرێم دا درێژەی بە مانی دابوو، وا وێدەچێ پەڵەیەک بێ لەسەر ئیعتیباری ناسیۆنالیستی بزووتنەوەکە و [ئەو پێناسەیەی لێ نەوەشێتەوە]. بزر بوون و دیار نەبوونی ئەو لایەنە هەرە گرینگانە ئاماژەیە بۆ ناکۆکییەکی ڕواڵەتی لە نێو دێرکردنی بزووتنەوەی سمکۆ وەکوو بزووتنەوەیەکی

ناسیۆنالیستی. ئەو ناکۆکییە لەوەدایە کە [لە کاتێکدا] خەبات دەکرێ لە دژی زۆرداری نەتەوایەتی [بزووتنەوەکە]چ کۆنسێپتی سەرەوەی گەل، مافی نەتەوایەتی و ڕەوایەتی نەتەوایەتی دەکار ناکا. ئەو ناکۆکییە لە تەبیعەتی بزووتنەوەی سمکۆ دەوەشێتەوە، کە لە بناوان دا عەشیرەتی و ئۆتۆنۆمی خواز بوو.

بزووتنەوەی سمکۆ بەر لەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٥ بەدەستی سەرەڕۆیی نوێخواز کە لە لایەن ڕەزاشاوە دامەزرابوو تێک بشکێ دەرەجەیەک لە خۆشەویستی و لایەنگری لە کوردستانی ئێران بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو. ڕەزاشا توانیبووی بە ڕێگەی جێبەجێکردنی کێشەی دەستەڵات بە قازانجی هێزە کۆنەپارێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە لە لایەن ژمارەیەکی لە زێدە لە خاوەنموڵکە گەورەکان و پیاوە ئایینییە کۆنەباوەکان لە ١٩١٢ لە مەجلیس نوێنەرایەتی دەکران، هێمنی و هێوری لە وڵات دا دابمەزرێنێ.(١٨) توێژی سەرەوە و مامناوەنجی بورژوازی بە توانای بازرگانی، و زۆربەی ڕووناکبیرانی لیبێرال کە نوێنەرایەتی باڵی ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی بزووتنەوەی مەشرووتە خوازییان کردبوو، ئێستا خۆیان خستە پاڵ هێزی کۆنەپارێزەکان. سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی لە ئازەربایجان و گیلان، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆ لە کوردستان، بە شێوەیەکی کاریگەر یەککرتنی لیبێرال-پێشکەوتنخوازی لە مەجلیس لە بەریەک هەڵوەشاندبوو و لە یەکتری دابڕاندبوون، و حەوجێیەکی لە زێدەی بۆ دەوڵەتێکی ئێوەندی بە هێز [هێناوەوە گۆڕێ] بۆ ئەوەی پارسەنگی هێز کە بە ئەغدەن تووشی بێ سەباتی هاتبوو بە قازانجی هێمنی و سەبات، بەڕێوەچوونی قانوون و هێوری ڕاست کاتەوە. دەوڵەتی ڕەزاشا، کە لە لایەن ئەو تیپە نە نوێیەی هێزەکانەوە لە بواری سیاسی دا پشتیوانی لێدەکرا، لە بناوان دا ڕژیمی خاوەنموڵکە گەورەکان بوو. [ئەو ڕژیمە] بناخەی دەستەڵاتی پێش لە سەرمایەداری کۆنەباوی دانابووەوە و ئەوی بە پێی بنچینەیەکی تازەباو وەکار خستبوو. ئەو بناخەیەی کە [ئەم جێشتە مجێورە] سەبرەی پاراستبوو بریتی بوو لە پێوەندییەکانی کالایی بەرەگر، کە گوڕ و تاوی لە قەوارەبەندی خاوەنموڵکێتی کاپیتالیستی زەوی و پرۆسەیەکی پێش لە کاپیتالیستی هێزی کار لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دا وەدەست دەهێنا. (١٩) داو و دەزگای مۆدێرنی دەوڵەتی کە لە لایەن ڕەزاشاوە ساز کرا بە دەرەجەی یەکەم بە خاوەنموڵکێتی گەورەی زەوی پشت ئەستوور بوو، و ئەمەش بە

ڕێگەی قیمەت و مەزەنەی پاوانکراو بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لە لایەکەوە و سیاسەتی پشتیوانیی ئابووری (protectionist) دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە هێــزی وەبەر دەنرا. لەگــەڵ ئەوەشدا ســەرەڕۆیی مـۆدێرنیـست (نوێخـواز) کە پرۆسـەی سنعـاتی کـردن و پێشوەچوونی سەرمایەداری وەگەڕ خست قورسایییەکەی لەسەر بنچینەیەکی ئابووری ئەوتۆ بوو کە شێوەکەی کشتوکاڵی و خەسڵەتی پێش لە سەرمایەداری بوو.

ڕەزاشا بناخـەیەکی ئەوتۆی داو و دەزگای دامەزراند کە بۆ لەنێوەند کۆ کردنەوەی دەور و گــەڕی دەوڵەت لەباری خــاک و ناوچەوە پێـویست بوو لە فـۆرمـاسـیـۆنێکی کـۆمـەڵایەتی دا کـە بە شێـوەی سـەرەکی کـشـتـوکـاڵی بوو. ئامـراز و هۆی سـەرەکی کـرۆکاشی وی بۆ سـانتراليزمی سیاسی، ئەرتەشێکی مـۆدێرن بوو، کە لە باری داو و دەزگاوە بە ڕێگەی سیستمێکی تاقانە ماڵییات لێ ئەستاندن و خـاوەنموڵکێتیکی زەوی کشـتوکاڵی ڕێک خراوەوە پشـتیوانی لێدەکرا. تێکدانی بناخـەی سیاسی و قەوارەی عەسکەری عەشیرەتەکان وەک نێوەند و مەکۆی سەرەکی دژایەتی و بەرهەڵست نیشان دان و سـەربزێوی کـردن ئامـانجی سـتـراتیـژی سـەرەکی ئەو بوو بۆ جـێـبـەجێکردنی سیاسـەتی سـانترالیزم. بەری ئەو سیاسـەتە زۆر هەراو بوو و هـەر بە کوردستـانەوە ڕانەدەوەستا: مەبەستی عەشیرەتگەری بە گشتی لە هەموو ئێران دابوو. لە ڕاستیدا لە باری سیـاسی و عـەسکەرییـەوە عـەشـیرەتەکانی باشـوور و باشـووری - ڕۆژئاوا، واتە بەختیاری و قەشقایی، هەڕەشـەیەکی زۆر گـەورەتر بوون بۆ سـەر دەسـتەڵاتی سیاسی حکوومەتی نێوەندی لە چاو عەشیرەتە کوردەکان. پەیدا بوونی دەوڵەتێکی عەسکەری نێـوەندیی بە هێـز لە تورکیـا کە دژی کـوردەکان و ئاواتە سیاسـییـەکانیـان بوو، و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ببوونە هۆی دامەزران و خۆ گرتنی فەرمانڕەوایی هاشمی لە عێراق، بە شێوەیەکی بەرچاو مەترسی بزووتنەوەی موحتەمەلی ئێتنیکی و ناسیۆنالیستی لە نێو عـەشـیرەتە کوردەکـاندا کـەم کـردبووەوە، جـا بۆیە تێکدانی ڕێکخـستنی سیـاسی و عەسکەری عەشـیرەتە کـوردەکـان و نەک هەویەتی ئێتنیکی ئەوان ئامـانجی سـتراتیژی سیاسەتی سانترالیزمی خاک لە زەمانی ڕەزاشا دا بوو.(٢٠) نەبوونی ڕێکخراوەیەکی سـیـاسی بەکـاری کـورد بە ئیدیئـۆلۆژی و بەرنامـەیەکی ڕوونی ناسـیۆنالیـسـتییـەوە لە کوردستانی ئێران بە گشتی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ. لە ساڵانی ١٩٣٠دا ئێتنیسیتی کورد مـەترسـییـەکی بچووک بوو بۆ سەرەڕۆیی پەهلەوی. عەشیرەتگەری سـەرچاوەی سـەرەکی ئاڵۆزی و سیاسی و هەڕەشە بوو بۆ سەر دەستەڵاتی دەوڵەت لە کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتی سانترالیزمی خاک و هێزی دەوڵەتی لە کوردستان دوا بە دوای سەرنانەوەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٣٠ زۆر بە ڕوونی خەسڵەتی دوو لایەنەی سەرەڕۆیی پەهلەوی ئاشکرا کرد: شێوە و بێچمی سەرمایەداری و تەبیعەتی پێش لە سەرمایەداری هێزی دەوڵەت. سانترالیزم و خۆدامەزراندن و خۆداکوتانی هێزی دەوڵەت شوێنێکی دوو لایەنەی لەسەر بناخە کۆمەڵایەتییە - ئابوورییەکان و قەوارەی سیاسی لە کوردستان هەبوو، لە لایەکەوە دەستێکی قورس و کاریگەری لە ڕێکخستنی سیاسی و عەسکەری عەشیرەتە کوردەکان و خاوەنموڵکێتی عەشیرەتی وەشاند، بە شێوەیەکی بەرچاو بناوانی کۆنەباوی سیاسی و عەسکەری توانایی دوژمنانە و بەشێوەی هێزێکی دوژمنی ڕێبەرانی عەشیرەتەکانی کز کرد، لە سەرێکی دیکەشەوە، چوارچێوەیەکی حقووقی - سیاسی نوێی بۆ خاوەنموڵکێتی عەشیرەتی دانا و بەم شێوەیە بنەڕەتی ئابووری هێز و دەسەڵاتی ئەوانی پتەو کرد. ئەوە نموونەیەکی ئاشکرای سیاسەتی قاوت و باڕووت بوو، کە خاوەنموڵکەکان بە ناچاری ملیان بۆ ڕاکێشا بە بێ ئەوەی خۆڕاگری بکەن. بەم پێیە دەسەڵاتی خاوەنموڵکی کورد لە بناخە ئابووری و سیاسییەکانی سەردەمی سەرەڕۆیی پەهلەوی دا یەکانگیر کرایەوە.

چەک کردنی عەشیرەتە کوردەکان و لە سەروڕا دیاریی کردنی پلەی سیاسی خاوەنموڵکێتی عەشیرەتی هەوڵ و تێکۆشانی سازکردنەوەی هەوێتی نەتەوایەتی ئێرانی لە سەر بنەڕەتی فەرهەنگێکی تاقانە بە دوودا هات. داهێنانی خزمەتی ئیجباری (سەربازی) سەرانسەری یەکەم هەنگاو بوو کە لەم ڕێبازەدا هەڵگیرایەوە. داکۆکی لە مەملەکەت بە ئەرکی تەبیعی هەموو هاووڵاتییەکی نێرینە داندرا بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەچەڵەکی ئێتنیکی، ئایین یان پلەی کۆمەڵایەتی وی. ئەو هەستەی ئەرک و پێناوداریە نەتەوایەتییە بنەڕەتی ئیدیئۆلۆژی ئەرتەشی مۆدێرن بوو. دەوڵەت ئەو سەلاحییەتەی درایە خەڵک بۆ خزمەتی سەربازی بانگ بکا، و ڕەچاو نەکردنی ئەو داوایە [بە جۆرێک] لە تاوانکاری لێک درایەوە کە دەگەیشتە خیانەت. بەم پێیە پیاوانی کورد هێنرانە نێو ئەرتەشی تازە و لە ژێر ئاڵای نوێی نەتەوەیی دا دەستیان بە خزمەت کرد. وەفاداری و گوێڕایەڵی سەرەتایی کۆنەباو دەبوو جێ بۆ سەر لە پێناوی دەوڵەت چۆڵ کا کە بە ڕەمز و نیشانەی سەروەری نەتەوەیی دادەندرا. دەوری ئیدیئۆلۆژی خزمەتی سەرانسەری سەربازی ئەوە بوو کە وەفاداری و گوێڕایەڵییەکی تاقانەی نوێ ساز کا و وەفادارییە ئێتنیکی و سەرەتاییەکان وەلا نێ.

[ئەو کارە] بە داهێنانی خوێندنی سەرەتایی سەرانسەری هێزی وەبەر نرا، کەسۆنگەی هەرە بە هێزی ئیدیئۆلۆژی بوو بۆ بلاو کردنەوەی دەربڕینی هەڵوێستی ڕەسمی، کە ئیتر بێ ئەم لا و ئەو لا تەبیعەتی ناسیۆنالیستی هەبوو. خوێندنگە دەوڵەتییەکان و بەرنامە نوێیە دەرسییەکانی نەتەوایەتی دەکار کران بۆ ئەوەی هەستێکی هەوێتی نەتەوایەتی لە نێو وەچی نوێ دا ساز کەن و بیانکەن بە کار هەڵسووڕێنەرانی دەوڵەتی پەهلەوی. بەلام نە ئەرتەشی نوێی نەتەوایەتی و نە خوێندن و بارهێنانی نوێی نەتەوایەتی دەکرا بە بێ هەبوونی زمانێکی تاقانەی ڕەسمی کاروباریان هەڵسووڕێ. زاڵ کردنی زمانی فارسی، کە بە ئەغدەن وەک زمانی ڕەسمیی ئێران ڕاگەیێندرا بوو، بە هۆی سەرکوت کردنی گشت ئەو زمانانەی دیکەی کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرا هێزی وەبەر نرا. فەرمانێکی کە لە ساڵی ١٩٣٥ دەرچوو نیشانەی کۆتایی پێدانی کوردی وەک زمانێکی پێ نووسین بوو، و تۆوی هەرە گرینگی هەوێتی ئێتنیکی کورد ویشک کرا. (٢١) کووژاندنەوەی زمانی کوردی لەتەک زمانە ناوچەییەکانی دیکە دا مەرجێکی سەلمێن بوو بۆ دامەزراندنی هەوێتی تاقانەی ئێرانی. هەوێتی نوێی نەتەوایەتی ڕوویەکی نوێشی بە بەردا کرا بۆ ئەوەی هەڵبڕانی لە ڕابردووی ئێتنیکی و سەرەتایی خۆی بنوێنێ و جەختی کاتەوە. و ڕواڵەتی هەوێتی نوێی نەتەوایەتی ئورووپایی بوو. دەوڵەت جلوبەرگی خۆجێیی پیاو و ژنانی یاوان کرد، و فەرمانی پێدان جلوبەرگی ئورووپایی بپۆشن.

کۆنسێپتی نەتەوە و هەوێتی نەتەوایەتی وەک [شتێکی] تاقانە و بۆ دابەشبوون نەشیاو کە بە هۆی دەوڵەتی پەهلەوی ساز کرا بەم پێیە حاشای لە جیاوازی ئێتنیکی و پلورالیزمی فەرهەنگی کرد. جا بۆیە هەر لەسەر [ئەزمی] ئەم هەوایە، جیاوازی ئێتنیکی بوو بە نیشانەی سێرەی [تەوس و پلاری] ستراتیژی لە دوان و دەربڕین سەبارەت بە هەوێتی نەتەوایەتی. کورد جیاواز بوو، و بەڵگە هێنانەوە بۆ دەربڕینی ئەو جیاوازییە هەوێتی سەربەخۆ (زاڵ) (واتە ئێتنۆسی دەستەلاتداری فارس) و دەستەلاتی ئەوی بەسەر لە دابەش نەهاتوویی خاکەوە پێشێل دەکرد و [وەسەری دەپەڕی]. جا بۆیە کووژاندنەوەی زمان، مێژوو و فەرهەنگی کورد و حاشا کردن لە ئێتنیسیتی کورد بەشێکی جیا نەکراوە بوو لە بەڵگە هێنانەوە و سەلماندنی ستراتیژی بۆ هەوێتی نەتەوایەتی لە ئێرانی پەهلەوی دا. دەربڕینی ڕەسمی، کە ڕیشەی لە مەنتقی دانانەکیەتی نوێکردنەوەی بە توێژی ناوی دەخواردەوە. [هۆیەکی] کاربڕ بوو بۆ گۆڕینی

کورد بە شتێکی جوێ لە سەروەر. دیمەنی جیاوازی ئەو دوانە لە دوان و باس سەبارەت بە نوێخوازی دا پەرەی پێدرا. و وەک [هەڵوێستی] عەشیرەتی - لادێی لە ئاقار شارستانی - ژیاری لە بەریەک ڕۆندران. ئیتر چی دی کوردی بە زمانی جیاواز دانەندرا، بەڵکوو بە نامۆ، دوژمن و تێکدەر [لە قەڵەم دەدرا]. [چونکوو] هەوێتی سەربەخۆ وەڕەوا بوونی ئەزمی نوێی دەبردە ژێر پرسیارەوە.

سەرکوت کردنی هەوێتی کورد بەشێکی جوێ نەکراوە بوو لەو پێناسەکردن و نێوەی کە دەوڵەتی نەتەوایەتی ئێران لە خۆی نابوو. [ئەو دەوڵەتەی] کە مێژووی کورت و پڕ لە گێرە و کێشەی بنکەیەکی سەرمایەداری و فەرهەنگێکی سیاسی لیبێرالی تێ نەپەڕاندبوو. سەرکوت کردنی زمانی کوردی مانای ڕەپاڵ نان و دەرکردنی کوردان لە مەڵبەندی نووسین بوو. ئەوە نیشانەی مەرگی خۆڵێنەپارێزی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستانی ئێران، و نەبوونی لەبری فۆرماسیۆنێکی سەلێنی تازە چاوپشکووتوو بوو [کە دەبوو] پێوەندی سیاسی و فەردی هەڵ سووڕێنێ. هەڵوەشان و داوەشانی کۆمەڵی مەدەنی بەوشێوەیە مانای وابوو کە باسکردن و دەربڕینی ئاشکرای جیاوازی، [باسی] هەوێتی ئێتنیکی کورد، نەدەکرا بە بێ توند و تیژی بێتە گۆڕێ.

دەربڕینی ڕەسمی هەوێتی ئێتنیکی کوردانی لەبەر داکەندن و ڕووتی کردنەوە. ئەوان وەک ئێرانی هەوێتێکی نوێیان بەدەست هێنابوو. کە توێوە دامەزرێنەرەکانی لە ئێتنیسیتی، فەرهەنگ و مێژووی فارسەوە کەوتبوونەوە. ئەوە خۆڕاگری کورد لە بەرامبەر ئەو هەوێتییە بە توێزییە و پێ داگرتن لەسەر دەربڕین و باسی جیاوازییەکانیان بوو کە بنەڕەتی وەڕوو کەوتن و سەرهەڵهێنانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی ئێران دانا. بەم پێیە خۆ بە نامۆ دانان لە هێزی حاکم [سەروەر] بوو بە سەرچاوەی هەوێتی هاوبەشی کوردان وەک کورد، کە لە بەرامبەر دەربڕین و [بۆچوونی] هێژمۆنیستی سەرەڕۆیی پەهلەوی دا سەری دەسوو. نووسەران و هەڵسووڕێنەرانی دەربڕین و بۆچوونی نوێی ناسیۆنالیستی ڕووناکبیرانی شاری بوون، کە لە خوێندنگەکانی ڕەزاشا دا پەروەردە ببوون. سیاسەتی سانترالیزمی خاک و پرۆسەی پێکەوە نانی داو و دەزگایان و هەلس و کەوت بۆ ساز کردنی هەوێتێکی نەتەوەیی ئێرانی بە ئەغدەن مەکۆی سیاسەتی کوردی لە لادێ و دەرەوەی شارانەوە گواستبووەوە شارەکان. دامەزران و خۆ گرتنی کۆمەڵەی ژ ێکاف لە ساڵی ١٩٤٢ نیشانەی پەیدا بوونی بیر و کردەوەی مۆدێرنی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران بوو.

ئەو ڕێکخراوە نیوە ـ ئاشکرایە لە مەهاباد دامەزرا، دامەزرێنەرەکانی سەر بە کوردی شارنشینی وردەبورژوازی بوون، چ نی سوننەتی و چ مۆدێرن، بەڵام زۆربەیان لە وردەبورژوازی تەقلیدی بوون، زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەر بە کار و کەسبی ئەوتۆوە خەریک بوون کە یان لەبەر پێشوە چوونی دەوری دەوڵەتی مۆدێرن لە کوردستان لەباری سیاسی، ئابووری و بەڕێوەبەرییەوە ڕەخسابوون یان پێوەندییان بەو بارەوە هەبوو، ئەو ڕێکخراوەیە چ نوێنەری خاوەنمولک و بورژوازی بازرگانی گرینگی تێدا نەبوو.(٢٢) پێک هاتنی کۆمەڵەی ژێکاف نیشانەی زیندووبوونەوە و بووژانەوەی کۆمەڵەی مەدەنی لە کوردستان بوو دوای لەسەر تەخت لاچوونی ڕەزاشا و تێک تەپینی ڕێژیمی سەرەڕۆ لە سێپتامبری ١٩٤١دا .نووسین بە کوردی، کە زۆر زوو شانۆی ڕووناکبیری داگرت، نیشانەی سەرەکی بوو بۆ ئەو بووژانەوەیە. زمانی کوردی بوو بە زمانی دەربڕینی سیاسی و فەرهەنگی لە نێو ژمارەیەکی کەم لە ڕووناکبیرانی کورددا، کە هاتنیان بۆ نێو مەیدانی سیاسی نیشانەی بەرەوپێشچوونی پێوەندی کالایی، خوێندنی لاییک [عیلمانی]، و پرۆسەی ئازەباوی بەڕێوەبەری لە کوردستانی ئێران دا بوو.

کۆمەڵەی ژێکاف بۆ وەرگرتنی ئەندام پێی لەسەر شەرتی ئێتنیکی دادەگرت: کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بۆیان هەبوو بێنە نێوی و لەگەڵی کەون. ئەگەرچی دانیشتوانی مەسیحی کوردستان، بە تایبەتی ئاسوورییەکان، دەیان توانی بێنە ئەندام [لە کۆمەڵە]دا، [بەڵام] پێڕەو و بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف ئیسلام بە ئایینی ڕەسمی کوردستان دادەنێ، و ئایەتێکی قورئان لە دروشمی نیشتمان، ئۆرگانە ڕەسمییەکەی دا جێی کراوەتەوە.(٢٣) بەڵام بۆچوون و دەربڕینی نیشتمان، بە دەرەجەی یەکەم هەر عیلمانی بوو، و تکاکاری و دەستەوداوێنی ئایین بوونی زیادتر بە مەبەستی پۆپۆلیستی (ڕاکێشانی جەماوەر) و باری کردەوەیی بوو. [لایەنی] ئیسلامی ڕێکخراوەکە زۆرجار کەڵکی لێ وەردەگیرا بۆ ئەوەی تاوانی ئاتێئیزم و کۆمۆنیزم کە بە شێوەیەکی لە زێدە لە لایەن بەشە کۆنەباوەکانی کۆمەڵگەی کوردەوە وەپاڵی دەدرا بڕەوێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن چینی خاوەن مولک، جڤاتی تاجران و پیاوە ئایینییەکان کە قسە ڕادیکاڵ و پۆپۆلیستیەکانی کۆمەڵە تەنگەتاوی کردبوون و پەشێوی دەکردن.(٢٤)

دەربڕینی ئیدئۆلۆژی کۆمەڵەی ژێکاف ئەغلەب کەڵکی لەو بابەتە کۆمەلایەتی و ئابوورییانە وەردەگرت کە لەمەڕ بناخەی چینایەتی کۆمەڵگەی کورد بوون. نیشتمان پڕە لە باسی زۆرجارەی نابەرامبەری کۆمەلایەتی لە نێوان "دارا و نەداران" لە کۆمەڵگەی

کورد دا . و هەژاری و چەهالەتی کۆمەڵگەی کورد، بە تایبەتی جووتیاران و ئەوە لە ئاست کۆبوونەوەی سەروەت و ماڵ لە لای خاوەنموڵک و تاجران ڕۆدەنێ. ئەو جۆرە بۆچوون و دەست لەسەر دانانە، لەتەک نووسراوەیان هۆنراوەی جار و بار بۆ پەسن و پێداهەڵگوتنی لینین و دەستکەوتەکانی یەکێتیی شوورەوی، بە ڕوونی بەس بوون بۆ ئەوەی ببنە هۆی ئەوەی کە تاوانی کۆمۆنیزم و ئاتێنزم ی وەپاڵ بدرێ. بەڵام بۆچوون و دەربڕینی نیشتمان باسی دەستە جیاوازەکانی چینایەتی تێدا نییە. (٢٥) ئەو بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە کە دەهاتە گۆڕێ ڕیشەیان دەبردراوە سەر هەلومەرجی زەمینی و بەرژەوەندی هۆکارە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەی کورددا. بۆ نموونە چەوساندنەوە و داپڵۆسینی ئابووری لە کشتوکاڵ دا - بەهرەی سەرسووڕهێنەر و زێدە چەوساندنەوەی جووتیاران- نەدەبردراوە سەر بناخەی ئەو جۆرە پێوەندییانەی [دابەشکردنی] دارایی و ماڵ کە لە لادێکان دا بەڕێوە بوو بەڵکوو دەبەستراوە بە تەماعی شەخسی و شێوەی هەڵس و کەوت و ئاکاری ئەخلاقی خاوەنموڵکان. هەر ئاواش بۆچوونێکی ئابووری سەبارەت بە سوودی بازرگانی لە دووان لەسەر کۆبوونەوەی سەروەت و ماڵ و نابەرامبەری لە زێدەی ئابووری لە شارەکان دا لە گۆڕێ دا نەبوو. نیشتمان دەربڕین و بۆچوونێکی وای سەبارەت بە پێویستی ئیسلاحی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی لە گۆڕێ دا بوو نەدەهێنا پێشەوە،[وباسی] تێهەڵهێنانەوەی ڕەنج و کوێرەوەری هەژاران و چەوساوانی نەدەهێنا گۆڕێ. لە جیاتیان داوای چاکەکاری و ئینسانیەتی لە خاوەنموڵکان دەکرد کە ئەو هەلومەرجە توقە ئیسلاح کەن و باری چەوساندنەوە سووکتر کەن. ڕادیکالیزمی بیر لێکراوی کۆمەڵە لە پەردەیەکی سەرکۆنەی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی کورد پێچرابووەوە [و هەر وا مایەوە]. [ ڕادیکالیزمێکی ئەوتۆ] کە لە باری سوننەتییەوە لە پۆپۆلیزمی جووتیری کۆمەڵگە تێپەڕەکان دا بەدی دەکرێ. کۆنسێپتی "گەل" کە لە دەربڕینەکانی نیشتمان دا دەبینرێ هەمان ئاکام لێ هەڵێنجاندنە پێویستانەی تێدایە کە لە دەربڕین و بۆچوونی پۆپۆلیستی دا هەیە. خەسڵەتی دەربڕینی ناسیۆنالیستی نیشتمان ئەو لە بەستێنی گشتی پۆپۆلیسمی جووتیری جوێ ناکاتەوە. لە ڕاستی دا کەوتنە سەریەکی پەیتاپەیتای دوو بابەتی گەلی کورد و نەتەوەی کورد لە وتار و دەربڕینی نیشتمان دا کە بە خەسڵەتی ڕادیکاڵی پەیامی ناسیونالیستی وی وەحیساب دێ، زۆر جار بە هەڵە بە نفووز و کارتێکردنی نهێنی مارکسیزم - لێنینیزم لەقەواوی ئیدیئۆلۆژی ڕێکخراوەکە دادەندرێ.

لە دەربڕینەکانی نیشتمان دا دوو کۆنسێپتی گەلی کورد و نەتەوەی کورد هاو واتان. و زۆر جار لە جیات یەک دەکار دەکرێن. کۆنسێپتی گەلی / نەتەوەی کورد لە چیرۆکی هەتا بڵێی جووراوجوری کۆمەڵەی ژێکاف دا خاڵی سەرەکییە، کە ئەو بە دەوری بابەتێکی هاویەش دا بابەتی سەرزەوییەکی سەربەخۆی کورد کۆ دەکاتەوە. و بە ڕوونی لە پێڕەو و بەرنامەکەی ڕا دەردەکەوێ.(٢٦) ئەوە لەمەڕ بۆچوونی بناخەیی گێڕانەوەی نیشتمان، چ بە پەخشان و چ بە هۆنراوەزانیاری بەدەستەوە دەدا، و خەسڵەتێکی بەتایبەتی ناسیۆنالیستی دەداتێ. دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی کورد کە زیاتر سەرنجی دەدرێتێ وەکوو ئامانجێکی کە دەبێ بە ڕێگەی تێکۆشانی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، بابەتی مێژوویی کورد، وەدی بێ. ئەگەر چی بابەتی مێژووی کورد بەوشێوەیە گشتێکی تاقانە و بێ جیاوازی لە قاڵبێکی سنووورداری ناسیۆنالیستی دا نیشان دەدا، ستراتێژی سیاسی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ناسیۆنالیستییە بەو جۆرەی کە لە پێڕەو و بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف دا کەلاڵە کراوە پێچەوانەکەی وەروو دەخا.

کۆمەڵەی ژێکاف پشتگیری لە ستراتێژییەکی ناسیۆنالیستی دەکا کە بە شێوەیەکی بەسنوور مەدەنی - سیاسی بە وچ جۆرە کردەوەی عەسکەری تێدا نییە. ئەو دابڕانە ڕادیکاڵە لە شێوەی کلاسیکی عەسکەری - سیاسی کە تا ئەو دەمی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەڕێوە بوو هەتا بڵێی گرینگە. (٢٧) ئەوە نەک هەر بۆچوونی کۆمەڵ سەبارەت بە بێ سوود بوونی کردەوەی عەسکەری لە بەرامبەر هێزە بەدەستەلاتترەکان لە باری ژمارە،تفاق و تەقەمەنی و تێکنۆلۆژییەوە لە سەرزەوییەکی کە ئاگاتە دەریا و کەمارۆ دراوە نیشان دەدا، بەڵکوو لێکدانەوەی ڕیشەیی ئەو ڕێکخراوە لە مەڕ بناخەی کۆمەڵایەتی، قەوارەی سیاسی و ڕێبازی ئیدیئۆلۆژی هێزی عەسکەری لە کوردستانیش دەنوێنێ. هێزێکی ئەوتۆ لە کۆنەوە پاوانی سەرۆکایەتی عەشیرەتی بوو، و لە لایەن سەرۆکایەتییەکی ئەوتووە کۆنترۆڵ دەکرا و دەکار دەکرا و دەستە چەکدارە عەشیرەتییەکان بڕبڕەی پشتی بوون. جا بۆیە پشتیوانی کردن و لایەنگری کردن لە ستراتێژییەکی ناسیۆنالیستی کە هێزی عەسکەریشی تێدا بێ مانای بەشکردنی هێز و دەستەلات لەگەڵ سەرۆکایەتی عەشیرەتی بوو و ئاخرەکەی دەگەیشتە چۆک دادان لەبەر هەوا و هەوەسی سیاسی کۆنەپارێزانە و قازانجی کورت خایەنی سەرۆکایەتی - هۆکارێکی کە لە شکانی لەپڕی کۆماری مهاباد دا سەلماندی بڕیاردەر بوو. بالادەستی و

زاڵی لایەنگری و گوێڕایەڵییـەکانی تۆرەمەیی (خزمـایەتی) و سـەرەتایی لە بناخـەی کۆمەڵایەتی و قەوارەی سیاسی بزووتنەوە کوردییەکان دا سەلماندبوویان کە [هۆکارێکی] بڕیاردەر بوون بۆ بووژاندنەوە و بەرەوپێشـبـردنی وشـیـاریی نەتەوایەتی و کـردەوەی مۆدێرنی سیاسی ناسیۆنالیستی لە کوردستان. وەگیان کەوتن و وەدیهاتنی دڵتاوێتنی ئەو نیشانە بناخەییە لە کۆمەڵگەی کورد و سیاسـەتی دا بە ڕوونی خۆی لە پێڕەو و بەرنامە و قەوارەی سیاسی کۆمـەڵە دا دەرخست. پێدانەگرتن لەسـەر خەباتی چەکدارانە وەک ئامرازێک بۆ وەدیهاتن و وەدەستـهێنانی ئامانجی ناسیۆنالیستی گەیشتە ئەوەی کە چینی خـاوەنمولک و ڕێبـەرانی عەشـیـرەتەکان لە ڕێکخـراوەی سیـاسی و سـەرۆکـایەتی بزووتنەوەکەدا نەبن و [جێیان نەکرێتەوە].(٢٨) لێکدانەوەی کۆمەڵە سەبارەت بە دەوری چینی خـاوەنمولکی کورد بە گشتی و سەرۆکـایەتی عـەشـیـرەتی بە تایبەتی لە مـاوەی ژیانی کورتی دا لە کردەوەی سیاسی [ئەو ڕێکخراوەیەدا] شێلگیر بوو، بەر لەوەی کە لە ساڵی ١٩٤٤ ببێ بە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لەباری ئیدیئۆلۆژییەوە دەرهـاویشتنی چینی خاوەنمولک و سەرۆکایەتی عەشیرەتی لە پرۆسـەی وەدیهێنانی ئامـانجی ناسیـۆنالیستی نیشـانەی تێکۆشـانێکە بۆ پێناسـە کردنەوە و دیاری کـردنەوەی کۆنسـێپتی نەتەوەی کورد لەسـەر بنەڕەتی سیـاسی. لە دەربڕینی کۆمـەڵە دا جیـاوازییەک هەیە لە نێوان نەتەوەی کورد وەکوو بابەتێکی تاقانە لە مێژووی کورددا، و کۆنسێپتی نەتەوەی کورد وەک بابەتێکی جوێ کراوە لە کردەوەی ناسیۆنالیستی سیاسی دا. ئەوەی پێشـوویان کە قسـە و دەربڕینی ئیدیئۆلۆژی کۆمـەڵە دەرکێنێ، بە هۆی پێـوەندی ئێتنیکی یەوە دیاری دەکرێ، و وادەکـا کـە جیـاوازییـە کۆمەڵایەتی - ئابووری و سیـاسییەکان لە نێو نەتەوەدا کەم کاتەوە [و]، وەک بابەتێکی تاقانە و یەکدەستی مێژوویی ناسیۆنالیستی پێشکێش دەکرێ کە ئەو ئەرکەی لەسـەر شـانە وڵاتێکی یەکگرتووی سـەربەخۆ لە کـوردسـتـان پێک بهێنێ. ئەوەی دوایـیـان، کە ستراتێژی کۆمەڵە پتەوتر دەکا، خۆی بە جیاوازییەکانی کۆمەڵایەتی - ئابووری و سیاسی یەوە دەبەستێتەوە، کە لە پێوەندییە ئێتنیکییەکانی تێ دەپەڕێنێ. ئەو جیاوازییەی نێوان تاقـانە بوون لە دەرەوە و جیـاواز لە نێـو خـۆدا نیـشـانە و سـەلمێنی هەوێتی مۆدێرنی سیاسییە. ئەو چ کاتێک [هەوێتیکی] مەند و جێگر یان بە سنوور نییە، بە پێچەوانە بە شـێـوەیەکی بەردەوام بە دەم خـەبات لە نێـوان ئەو هێـزانەی وا لە سـیـاسـەتی ناسـیـۆنالیـسـتی دا بەشـداری دەکـەن دیاری دەکـرێ و دەکـرێتـەوە. ڕارایی لە نێـوان

ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی و پۆپۆلیزمی جووتیری و کەوتنە سەریەکی پەیتا پەیتا و بەردەوامی کۆنسێپتی نەتەوەی کورد و گەلی کورد لە دەربڕین و بۆچوونەکانی کۆمەڵەدا نیشانەی خەسڵەتی ئاڵۆز و بێ سەباتی دەرکەوتنی هەوێتێکی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران دایە.

هەوێتی نەتەوایەتی کورد لە ئێران بێ ئەم لا و ئەولا مۆدێرنە. پەیدابوون و دەرکەوتنی بریتی یە لە پێوەندی نێوان خۆ و ئیدی لەگەڵ هەوێتی مۆدێرنی ئێرانی کە تۆوە پێکهێنەرەکانی لە سەردەمی مەشرووتەدا دەرکەوتن، و لە ماوەی یەکەم دەوڵەتی پەهلەوی لە سالانی ۱۹۲۵-۱۹٤۱ دا موتوربە کران. ئەو پەیدا بوون و لە دایکبوونە ڕەچەڵەکێکی تاقانە نیشان نادا، تەنێ ئاماژە بۆ سەرەتا و دەستپێکێک دەکا، هەوێتێکی سەر هەڵێناو کە بە هۆی سیاسەت و فەرهەنگەوە چ لە نێو خۆی دا و چ لە دەرەوە دابەش بووە. ئەو پێوەندییە دابەشبووەی نێوان خۆ و ئیدی لە هەموو سەروبەند و دەمێکی ندان پێدا هێنان یان حاشا لێکردن، سەربزێوی و سەرکوتکردندا لە گۆڕێ دا بووە، کە لە سالی ۱۹٤۲ بەم لاوە شەقلی خۆی بە ئاڵوگۆڕ و پێشومچوونی جڤاتی کورد لە ئێرانەوە ناوە. بە شێوەیەکی بەردەوام لە سیستەمە نوێیەکانی جیاوازی و دەلالەت دا هەڵکەندراوە و هەڵکەندراوەتەوە، و بووەتە هۆی دەسپێکردنی سەلماندنی نوێ و پرۆسە و کردەوەی نوێی سیاسی کە پێوەندی لە گۆڕان هاتووی نێوان جڤاتی کورد و دەوڵەتی لە ئێران بەڕێوە بردووە.

***

هەواڵنامەی کتێب

# پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران

## پەراوێز و ژێر نووس

* ئەم نووسراوەیە یەک لە ئاکامەکانی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە

" THE POLITICS OF THE STATELESS NATIONS; THE KURDS IN THE MODERN MIDDLE EAST"

– سیاسەتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان، کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی مۆدێرن دا، کە ئێستا لە لایەن نووسەرەوە کاری لەسەر دەکرێ. ئەو پرۆژەیە لە مانگی نوتی ١٩٩٤ دا لە لایەن شوورای لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی لە بریتانیا

(ECONOMIC AND SOCIAL RESEARCH COUNCIL IN BRITAIN)

دەستیاوی درایە. نووسەر بە سپاسەوە پێزانینی خۆی لە ئاست پشتیوانی و یارمەتی ESRC بۆ تەواو کردنی ئەو پرۆژەیە دەردەبڕێ، کە وادانراوە هەر لە ژێر سەرپەرستی سەرەوەدا لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن بنکەی (I.B. TAURIS) وەک کتێب بڵاو بکرێتەوە.

١– وا وێدەچێ ئەو بیروڕایە یەکەم جار لە لایەن BASIL NIKITINE [بازیل نیکیتین]، را دەربڕابێ، کە چاوەدێرێکی دڵسۆزی ئالوگۆڕەکانی کوردستانی ئێران بووە، دواتر لەلایەن وەدیع جوەیدە(WADIE JAWAIDEH). را لە تێزی دوکتورا چاپنەکراو بەلام بە نرخەکەی دا باس کراوەتەوە:

(THE KURDISH NATIONALIST MOVMENT: ITS ORIGINS AND DEVELOPMENT" SYRACUSE UNIVERSITY, 1960)

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد: ڕەچەڵەکی و پێشوەچوونی" زانکۆی سیراکوس، ١٩٦٠، و ئەوە دوایە بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ قسە کردن لەو هەڵوێست دەربڕینەی گۆڕین بۆ نموونە بڕوانە:

(ROBERT OLSON, THE EMERGENCE OF KURDISH NATIONALISM 1880_1925, TEXAS UNIVERSITY PRESS 1989."

"ڕۆبێرت ئۆلسۆن، سەرهەڵهێنانی ناسیونالیزمی کورد ١٨٨٠– ١٩٢٥، بنکەی

چاپەمەنی زانکۆی تێگزاس ۱۹۸۹" لە نێو زانا کوردەکاندا رەچەڵەکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ئێران زۆر جار دەبرێتەوە سەر بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵا، بۆ نموونە بڕوانە:

"ABDUL RAHMAN GHASSEMLOU- KURDISTAN AND THE KURDS; CZECHOSLOVAK ACADEMY OF SCIENCE, PRAGUE 1965"

عەبدولرەحمانی قاسملوو، کوردستان و کوردەکان، چاپی ئاکادیمی چێکۆسلۆڤاکی، پراگ ۱۹٦٥، [تێبینی وەرگێر: ئەو کتێبە لە ساڵی ۱۹۷۳ی زایینی دا لە ژێر چاوەدێری نووسەر لەلایەن عەبدوڵای حەسەنزادەوە بە نێوی: کوردستان و کورد - لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئابووری وەرگێڕاوە و لەلایەن بنکەی پێشەوا وە بڵاو کراوەتەوە]. کەماڵ مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۰ [تێبینی وەرگێر: چاپی ستۆکهۆڵم دەبێ چاپی دووەمی کتێبی نێوبراو بێ]

۲- کۆنستیپتی (شهروند) - شەهروەند- هاووڵاتی، بە نیسبەت سازکراوێکی نوێیە لە زمانی فارسی دا. ئەو "وشە"یە لە ساڵانی ۱۹٦۰ دا لە ئەدەبیاتی گەلیی دێمۆکراتی و ئی باڵی چەپ دا دەرکەوت، و هەر لەو دەمییەوەیە کە لە دەربڕینی سیاسی و حقووقی ئێران دا جێی خۆی کرد ووەتەوە. قانوونی بنچینەیی ۱۹۰٥ ئێرانییەکانی بە ئەتباع ی پادشا دادەنا، بەڵام ئەو مەبەستە عیبارەتی ماف و ئەرکەکانی [خەڵک] بوو کە بە ئاسایی دەبەستراوە بە کۆنسیپتی هاووڵاتییەتی لە تیئۆری دیموکراتی دا، بۆ وەرگێڕاوێکی ئینگلیسی دەقی قانوونی بنچینەیی ۱۹۰٥ بڕوانە:

E. BROWNE, THE PERSIAN REVOLUTION OF 1905-09, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 1910.

"ئێدوارد براون: شۆڕشی فارس. [ئێران] لە ساڵی ۱۹۰٥ - ۱۹۰۹ دا، بنکەی چاپەمەنی زانکۆی کەمبریج ۱۹۱۰"

۳- بەگشتی وا دادەنرێ کە شێخ عوبەیدوڵا یەکەم ناسیۆنالیستی تەواوی کورد بووە، پشتیوانی لە بیری نەتەوەیەکی یەکگرتووی کورد کردووە کە لە کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دا بژی. ئەو بیرورایە بە گشتی بە شاهید گرتنی نامەیەکی شێخ کە زۆر جار باسی کراوە و لە ژوویيەی ۱۸۸۰دا بۆ (CLAITON) کلەیتۆن، جێگری

کونسوولی بریتانیا لە باشقەڵای ناردووە پشتگیری لێدەکرێ. لەو نامەیەدا [شێخ دەڵێ]: "کورد نەتەوەیەکی جیاوازە" و ڕادەگەیێنێ: "ئێمە دەمانەوێ کاروباری خۆمان لەبەردەست خۆمان دابێ" (بڕوانە ئولسۆن لاپەڕەی٢). جێگری کونسوولی بریتانیا هاتە سەر ئەوەی لەو بڕوایە دابێ کە شێخ "نەخشەیەکی هەموو لایەنەی بۆ یەکگرتنی هەموو کوردەکان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ژێر سەرۆکایەتی خۆی دا هەبێ". [نامەی کلەیتۆن بۆ (TROTTER) ترۆتێر، ڤان، ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠، تورکیا، ژمارە٥، ١٨٩١، لاپەڕی ٣٢، لە نووسینی (JWAIDEH) دا باس کراوە، لاپەڕەی ٢٢٥. هەروەها بڕوانە:

" G: CURZON; PERSIA AND PERSIAN QUESTION; LONDON 1892

گ- کرزن، ئێران و کێشەی ئێران، لەندەن ١٨٩٢.

بەلام ئەوەی کە داخودا شێخ عوبەیدوڵا وەک بابە گەورەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد دابنرێ یان نا تا ڕادەیەکی زۆر بەوە بەستراوەتەوە کە مرۆڤ بۆچوونی سەبارەت بە کۆنسێپتی نەتەوە، هەویتی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم چییە، سەبارەت بە بۆچوونی جیاواز لەسەر کۆنسێپتی نەتەوەی کورد و ناسیۆنالیزم بڕوانە ئەو نووسراوەی من کە بەو زووانە بڵاو دەکرێتەوە.

ABBAS VALI

"GENEALOGIES OF THE KURDS: NATIONS AND NATIONAL IDENTITY IN KURDISH HISTORICAL WRITING"

عەبباسی وەلی "بنەچەکناسی کوردەکان: نەتەوان و هەویتی نەتەوایەتی لە مێژوو نووسینی کوردی دا". لە کۆڤاری ECONOMY AND SOCIETY دا بڵاو دەکرێتەوە.

٤- (کتێبی) ئەمیری حەسەنپوور

AMIR HASSANPOUR "LANGUAGE AND NATIONALISM IN KURDISTAN, 1918 -1985"

MELLEN RESEARCH UNIVERSITY PRESS 1992 SAN FRANCISCO"

"زمان و ناسیۆنالیزم لە کوردستان" ١٩١٨، – ١٩٨٥بنکەی چاپەمەنی مێلێن ریسێرچ یونیڤێرسیتی پرێس، ١٩٩٢، سانفرانسیسکۆ.

باشترین کتێبی بەبەڵگە و کاری هەرە هەموو لایەنەیە سەبارەت بە دەرکەوتن و

پێشوەچوونی دەربڕینی ئەدەبی و سیاسی لە کوردستان و ئەو خاڵە دادەگرێتەوە.

٥- (نووسراو) و دەربڕینی ناسیۆنالیستی مێژوویی ئیدیعای بەشداری گرینگی کوردەکان لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی و دیمۆکراتی ئەو سەروبەندی دا دەکەن. ئەگەرچی بیروڕایان سەبارەت بە سۆنگەی سەرەکی بەشدارییەکی ئەوتۆ هەتا بڵێی لە یەکتری جیاواز و تاق و جووتە. عەبدول جەببار موحەمەد جەبباری دەڵێ کە دانیشتوانی نێوەندە سەرەکییەکانی شاریی لە کوردستان چالاکانە لە بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی [دەستووری] دا بەشدارییان کرد و لە مەهاباد، سقز و سنە لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٥ -١٩١١دا ئەنجومەنی شۆڕشگێرانەیان پێک هێنا. ئەو لێی زیاد دەکا و دەڵێ جەعفەر ئاغای شکاک، براگەورەی سمکۆ، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەشرووتەی ئێران دا خەباتی دەکرد بۆ ئۆتۆنۆمی کورد، بڕوانە کتێبەکەی : مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، کەرکووک ١٩٧٠، لاپەڕی ١٣٦. بەلام بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایانەی خۆی هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نادا... قاسملووش بەشداری هەراوی کوردەکان لە سیاسەتی شۆڕشگێرانە لە ماوەی سەردەمی مەشرووتەخوازی ئاستە دەکا، باسی دامەزرانی ئەنجومەنان (کۆمەڵەی شۆڕشگێرانە) لە نێوەندە شارییە سەرەکییەکانی وەک مەهاباد، سنە، سەقز و کرماشان و هەروەها باسی سەربزێویی ئۆتۆنۆمی خوازی جەعفەرئاغا لە دەورویەری ورمێ دەکا. قسەکانی قاسملوو زۆر لە نێ جەبباری بە وردە ڕیشاڵترە، ئەو دەڵێ کە ئەنجومەنی مەهاباد لە لایەن قازی فەتتاح، مامی باوکی قازی محەمەد سەرۆککۆماری کۆماری کورت- تەمەنی مەهابادی ساڵانی ٤٦-٤٧وە ڕێبەری دەکرا، کە ئاخرەکەی بە دەستی ئەرتەشی قەیسەری کە لە ساڵی ١٩١٥ دا شارەکەیان داگیر کرد کوژرا، و هەر وەها دەڵێ کە شۆڕشگێرانی کرماشان نزیکەی دە ئەنجومەنیان لە شارەکە دا پێکەوە نا، بەلام لەگەڵ ئەو هەموو وردە ڕیشاڵەش قاسملووش هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتیوانی و [داگرتنەوەی] ئەو قسانە بە دەستەوە نادا (بڕوانە کتێبی قاسملوو دەقی ئینگلیسی لاپەڕەی ٤٤).

JWAIDEH (جوویدە)ش بیر وڕای وک قاسملوو وایە لە مەڕ بەشداری قازی فەتتاح لە بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی [دەستووری] دا و کوژرانی بە دەستی ئەرتەشی قەیسەری لە مەهاباد (بڕوانە لاپەڕەی ٨- ٧٥٧)، بەلام هیچکامێک لەو دوو سەرچاوانەی کە ئەو پشتی پێ بەستوون بەڵگەی سەلماویان بۆ لە دوو دانی ئەو خاڵە

تایبەتییە تێدا نییە.

(B. NIKITINE, LES KURDES, PARIS 1956, P. 36,)

بازیل نیکیتین، کوردەکان، پاریس ١٩٥٩، لاپەڕەی ٣٦، و دەقێکی فارسی بە قەڵەمی ن. پێسیان، "مرگ بود و بازگشت هم بود"،( تاران ١٩٤٧، لاپەڕەی ١٥٢)

٦- لەو کتێبانەی دا کە سەبارەت بە مێژووی سەردەمی مەشرووتە نووسراون بەشداری چالاکانەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان لە سیاسەتی دژی - شۆڕش دا بە هەراوی و بە بەڵگەوە باس کراون. بۆ وێنە بڕوانە: ئ. کەسرەوی، تاریخ مشروطیت ایران، تاران ١٩٦١، و م ملک زادە، انقلاب مشروطە، ایران، تاران ١٩٤٩، ٥ بەرگ، ئەو بەشدارییە بە زووانە لە لایەن (DAVID MC DOWALL ) دەیڤید مەکداوڵ لە کتێبەکەی دا کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە بە بەڵگەوە سەلماوە.

(DAVID McDOWALL, A MODERN HISTORY OF KURDS, I.B. TAURIS 1996)

دەیڤید مەکداوڵ، مێژوویەکی مۆدێرنی کوردەکان، بنکەی چاپەمەنی ئای - بی تاوریس ١٩٩٦.

٧- ئەگەرچی هێندێک لە خانەدانە سەرەکییەکانی کورد، وەکوو ئەردەلان، دێبۆکری و فەزیولابەگی بەشێک لە دەستڕۆشتوویی و دەسەڵاتیان لەبەر پێوەندی پتەو بە نێوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە تەورێز، ئیسفەهان و تارانەوە بوو، هەڵکەوتوویيان لە بناخەی دەسەڵاتی هەرێمی دا کە ئەو پێوەندییانەی بەهێز دەکرد و دەیپاراست بە دەرەجەی یەکەم ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵوێست و هەڵکەوتی ئەوان بوو لە چوارچێوەی میرنشین یان کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی دا. میرنشینە کوردییەکان لە بناوانەوە ستروکتووریکی سیاسی کۆنفیدراسیۆنی بوون کە هێزی عەسکەری عەشیرەتی بڕبڕە پشتیان بوون، لە کاتێکدا کۆنفیدراسیۆنە عەشیرەتییەکان زیادتر لەسەر بنەچەکە و (خزمایەتی) دامەزرا بوون.

شیکردنەوەی WALTER SMART (والتر سمارت) کونسوولی بریتانیا لە تەورێز لە ساڵی ١٩١٠دا، سەرچاوەیەکی نایابە لە مەڕ دەزگای بەڕێوەبەری سیاسی و دارایی لە سەردەمی مەشرووتەدا، بە تایبەتی سەبارەت بە نێوانی حکوومەتی نێوەندی

و چینی خاوەنموڵکی کورد و سەرۆک عەشیرەتەکان بڕوانە (بەڵگەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە) F. O 371/935 نامەی سمارت بۆ BARCLAY "بارکلی" تەوریز، ۳ی ژانڤییەی ۱۹۱۰، بارکلی بۆ GRAY "گرێی" تاران ۲۳ی ژانڤییەی ۱۹۱۰، یادداشتی ژمارە۱، هەر وەها بڕوانە

G. CURZON, op, cit. vol II. PP. 470-72 P.492

ک- کرزن، بەرگی دووهەم لاپەرەکانی ٤٧٠ تا ٤٧٢. کرزنیش باسی نێوانی شل و شەوتقی حکوومەتی نێوەندی لە تاران و ئەستانە کوردییەکان دەکا. ئەو هەر وەها دەڵێ عەشیرەتە کوردەکان لە بری ئامادە بوون بۆ خزمەتی سەربازی زەوییان دەدرایە، و ئەوەی کە حکوومەتی نێوەندی لە رابردوودا چالاکانە دەستی بە پشتی عەشیرەتگەری دا هێناوە بۆ ئەوەی بە دژی میر نشینە کوردەکان [بەکار بهێندرێن]. هەر دووکی ئەو سەرچاوانە لە لایەن مەکداول وە ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەمن پێزانینی خۆم لە ئاست دەیڤید مەکداول دەردەبڕم کە رێگەی دام چاو لە تایپ نووسراوەکەی کتێبەکەی کە دواتر بلاو دەبێتەوە بکەم.

٨- سەبارەت بەو خاڵە بڕوانە حەسەنپوور. لێکۆڵینەوەی بە وردەریشاڵی حەسەنپوور سەبارەت بە بەرەوپێشچوون و ئاڵوگۆڕە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان زەمینەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەی لەبەریەک رانانە و بەراورد کاری بەرەوپێشچوونە فەرهەنگی و رووناکبیرییەکان لە خاکە کوردییەکان عێراق، ئێران و تورکیا لە ساڵی ١٩١٨وە.

٩- پێوەندی پێچەڵپێچی نێوان تۆرمەی عەشیرەتی و بناخەی رێکخراوەیی دەستەڵاتی سیاسی بە وردە ریشاڵ لە لایەن:

BARTH (بارت) VAN BRUINESSEN (ڤان براونیسن) را باس کراون

بڕوانە: F: BARTH, PRINCIPLES OF SOCIAL ORGANISATION IN SOUTHERN KURDISTAN, OSLO 1953

ف. بارت، بنچینەکانی قەوارەی کۆمەلایەتی لە خوارووی کوردستان، ئۆسلۆ ١٩٥٣

VAN BRUINESSEN, AGHA, SHAIKH AND STATE: ON THE SOCIAL AND POLITICAL STRUCTURES OF KURDISTAN, LONDON ZED PRESS 1992



هەواڵنامەی کتێب

م: ڤان براونیسن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، لەندەن بنکەی چاپەمەنی زێد ١٩٩٢ [تێبینی وەرگێڕ: بە خۆشییەوە کتێبی بڕوانێسن لە لایەن کاک کوردۆڕا لە ئاڵمانییەوە کراوەتە کوردی و بڕیار وایە لە لایەن بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ لە سوێد بڵاو بکرێتەوە.] کتێبی (سی. جێی. ریچ)
NARRATIVE OF A RESIDENCE IN KURDISTAN; LONDON 1836, 2 VOLS

بەسەرهاتی مانەوەیەک لە کوردستان، لەندەن ١٨٣٦ . دوو بەرگ" [تێبینی وەرگێڕ: ئەو کتێبە لەلایەن محەمەد حەمە باقی یەوە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی و بە ناوی " گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠" لە ساڵی ١٩٩٢ لە تەوریز چاپ کراوە]. سەرچاوەیەکی نایابە سەبارەت بە بەشی بەرایی سەدەی نۆزدەهەم، بە تایبەتی لە مەڕ نێوانی عەشیرەتەکان و میرنشینە کوردەکان و ڕێکخراوی بەڕێوەبەری و سیاسییان.

١٠- سەبارەت بەو بابەتە بڕوانە: A.K.S. LAMBTON -LANDLORD AND PEASANT IN IRAN, LONDON 1953

ئا . ک. ئێس. لەمبتۆن، خاوەنزەوی و جووتێر لە ئێران، لەندەن ١٩٥٣ . و کارەکەی من:

ABBAS VALI, PRE-CAPITALIST IRAN: A THEORETICAL, HISTORY, LONDON I.B. TAURIS 1993,

عەبباسی وەلی، ئێرانی بەر لە سەرمایەداری: مێژوویەکی تیئوری، لەندەن بنکەی چاپەمەنی ئای بی تاوریس.١٩٩٣ ، بە تایبەتی بەندی حەوتەم .

١١- ئەگەرچی ئێمە ڕێژەی تەواوی دانیشتوانی عەشیرەتی لە چاو نا- عەشیرەتی کوردستان لەو سەردەمەدا نازانین، [بەڵام] ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن دەری دەخەن ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی کورد نا- عەشیرەتی بوون (بڕوانە بارت، ڤان بڕاونێسن، ئەو سەرچاوانەی لە سەرەوە باس کران). لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەم نووسراوەیە بە دەرەجەی یەکەم سەرنجی داوەتە سەر دانیشتوانی عەشیرەتی، چونکوو هەر وەک باسەکە دەری دەخا ، ڕێکخستنی عەشیرەتی بناخەی هەرە پتەو و کاریگەری دەستەڵاتی سیاسی پێک دەهێنا . سەرۆک عەشیرەتەکان بە هاسانی هێز و دەستەڵاتی خۆیان بەسەر دانیشتوانی نا - عەشیرەتی لە شاران و لە لادێیان دا دادەسەپاند و بەرەیان پێ

دەدا. ستروکتوورەکانی کۆمەلایەتی - ئابووری جڤاتی تا ـ عەشیرەتی بەگشتی قەوارەیەکی سیاسی یان نەبوو کە سەر وەبەر [عەشیرەتەکان بهێنێ]. پلەی لێل و ئەغلەب کێشە لەسەری هێندێک لە بنەماڵە شازادەکان وەکوو ئەردەلان هەلکەوتوویی عەشیرەتەکان لە قەوارەی دەستەلاتی سیاسی لە کوردستان دا بن کۆل و سست ناکا. بڕوانە پەراوێزی ٧ لە سەرەوە.

١٢- بە تۆبزی تێکدانی میرنشینە کوردییەکان بەر لەوەی سەفەوییەکان دەستەلات بە دەستەوە بگرن، دەست پێکرابوو، و بە تایبەتی دوای "شەڕی" چالدێران لە سالی ١٥١٤دا خێراتر بوو. بڕوانە:

J.E. WOODS, AQQOYUNLU, :CLAN, CONFEDERATION, EMPIRE, A STUDY IN 15th /9th CENTURY TURKO- IRANIAN POLITICS, MINNEAPOLIS/ CHICAGO, BIBLIOTECA ISLAMICA 1976,

جێی. ئی وودس. ئاققویینلو: خێل. کۆنفیدراسیۆن. قەڕال نشین، لێکۆلینەوەیەک سەبارەت بە سیاسەتەکانی نێوان تورک - ئێران لە سەدەی ١٥/٩دا. میناپۆلیس / شیکاگۆ. بیبلیۆتیکا ئیسلامیکا ١٩٧٦

A. ALLOUCHE, THE ORIGINS AND DEVELOPMENT OF OTTOMAN - SAFAVID CONFLICT (906-962/1500-1555), BERLIN

ئا. ئالووش، بنج و بناوان و ئالوگۆڕی کێشەکانی نێوان عوسمانی - سەفەوییەکان (٩٠٦-٩٦٢ / ١٥٠٠ - ١٥٥٥) بێرلین.

بۆ (ئاگاداری) سەبارەت بە دەولەتی سەفەوی و کوردەکان بڕوانە: شیکردنەوەی گرینگ [ئەگەرچی تا ڕادەیەک پرش و بلاو]ی ئەسکەندەر بەگی مونشی.

HISTORY OF SHAH ABBAS THE GREAT, TRANSLATED BY: R. M. SAVORY, BOULDER: WEST VIEW PRESS 1978, 2 VOLS

مێژووی شا عەبباسی مەزن، وەرگێرانی: ئار. م. ساڤۆری، بنکەی چاپەمەنی وێست ڤیو بۆلدێر ١٩٧٨، ٢ بەرگ.

سەرچاوەی ئاگادار سەبارەت بە بناخەی سیاسی و قەوارەی داو ودەزگای میرنشینە کوردەکان لە کوردستانی ئێران زۆر دەگمەنن. لەگەل ئەوەشدا، ئەو سەرچاوانەی بە دەستەوەن ئەمانەی خوارەوەیان هێندێک شیکردنەوەی وردە ڕیشالی مێژوویی یان تێدایە

ماه شرفخانم قادری [مستوره، کردستانی] تاریخ اردلان. تاران علمی، ١٣٤٣.

شێخ محمد مردوخ، تاریخ کردستان، تاران امیر کبیر ١٣٤٦
میرزا شکرالله سنندجی، تحفه ناصری: در تاریخ و جغرافیای کردستان، له ژێر چاوەدێری ح: طبیبی، تاران ١٣٦٦

ئەم سەرچاوانە بە تایبەتی ئی قادری و سەنەندجی پێوەندییان بە میرنشینی ئەردەلان، سەرهەڵهێنان، بەرەپێشچوون و ئاڵوگۆڕەکانی و هەڵوەشانییەوە هەیە لە زەمانی فەرمانڕەوایی قاجار [ەکان] دا. کارەکەی سەنەندجی بە تایبەتی لەم بارەیەوە جێی سەرنجە، چوونکوو ئەو هەڵوەشان و لەبەر یەک چوونی ئەو میرنشینە لە ئاخر قۆناخی حکوومەتی ناسرەدین شادا زۆر ناباتەوە سەر هۆی گوشاری دوژمنانە لە ئێوەندەوە بەڵکوو دارزانی لە زێدەی نێو خۆیی و گنخانی بەڕێوەبەری لە میرنشینە کە خۆی دا بە هۆی نەمانی دادەنێ. بۆ شیکردنەوەی گشتی سەبارەت بە بناخەی سیاسی و بەڕێوەبەری میرنشینە کوردییەکان بڕوانە کتێبەکەی ڤان بروانێسن، و ڕیچ کە لە سەرەوەدا باسیان کرا.

١٣- بۆ لێکدانەوەیەکی وردە ڕیشاڵی تێئۆری سەبارەت بە بناخەی دەستەڵاتی سیاسی و پێوەندی نێوان کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی و دەوڵەت لە ئێران بڕوانە کتێبەکەی وەلی کە لە سەرەوە باسی کرا، بەندی ٥ بە تایبەتی لاپەڕەکانی ١٥٥-١٦١، هەروەها بڕوانە کتێبەکەی ڤان بروانێسن بەندی ٢.٢ و ئەو نووسراوەیەی وی کە لە کتێبی R. TAPPER (لە ژێر سەرپەرستی ئار. تاپر) دا چاپ کراوە.
THE COFLICT OF TRIBE AND THE STATE IN IRAN AND AFGHANISTAN, LONDON: CROOM HELM 1983
"کێشەی عەشیرەت و دەوڵەت لە ئێران و ئەفغانستان" لەندەن بنکەی چاپەمەنی گرووم هێلم ١٩٨٣، "بە تایبەتی نووسراوەکەی ڤان بروانیسن لەو کۆکراوەیەدا. "عەشیرەتە کوردەکان و دەوڵەتی ئێران: کەیسی سەرهەڵدانی سمکۆ"

١٤- بڕوانە ئەو سەرچاوانەی کە لە پەراوێزی ٧ دا ئاماژەیان بۆ کراوە.

١٥- شوێنە تێکدەر و ڕووخێنەرەکانی یەکەم شەڕی دنیاگر لەسەر کوردستان بە وردە ڕیشاڵ لە کتێبی کەماڵ مەزهەر ئەحمەد دا باسی لێوە کراوە، هەروەها بڕوانە

ئەو بەشانە لە کتێبەکەی JWAIDEH جووەیدە کە پێوەندی بەو باسەوە هەیە.

١٦- بۆ نموونە، هەم کەسرەوی، ناحەزێکی ئێرانی ناسیۆنالیزمی کورد، و هەم قاسملوو پێشەنگێکی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، سمکۆ وەک ناسیۆنالیستێکی کورد دەناسێنن و ئیعتیباری ئەوەی دەدەنێ کە فکری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە مێشکدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ کەسرەوی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن، چ ئی کورد و چ وەکی دی وەک جنێو وایە و ئەو بە نیشانەی دۆلاب و کاکەبرالەی لە مێژینەی ئورووپایی دادەنێ بۆ لە نێو بردنی رۆژهەلات، جا بۆیە نێودێرکردنی سمکۆ لەلایەن کەسرەوی یەوە وەک ناسیۆنالیست لەتەک نرخاندنە نەرمییەکانی سەبارەت بە بزووتنەوەکە وەک عەشیرەتی، رێگرانە و تێکدەرانە جۆر دەردێتەوە، بە پێچەوانە، قاسملوو، لەبەر رووحییەیەکی ناسیۆنالیستی نموونە، چاو لە خەسلەتەکانی عەشیرەتی و تێکدەرانەی بزووتنەوەکە هەڵدەبڕێ، و چ هەوڵێک نادا بۆ نرخاندنی ئامانجە ستراتێژی و دەستکەوتەکانی.

بروانە کسروی، تاریخ هیجده سالە، آذربایجان، تاران امیر کبیر ١٩٦٧، دوو بەرگ لاپەرەکانی ٨٣٠-٨٣١.

ع. قاسملوو،١٩٦٥ لەو کتێبەی دا لە سەرەوە باس کرا، لاپەرەکانی ٧٢-٧٣.

بۆ لێکدانەوەیەکی زۆر مەند و بێ لایەنانەتر سەبارەت بە بزووتنەوەی سمکۆ بروانە: نووسراوەی ڤان براوێنسن، "سەرهەڵدانی سمکۆ" لەو کتێبەی دا، کە لە ژێر سەرپەرستی ریچارد تاپردا چاپ کراوە و لە سەرەوەدا باسی کرا ١٩٨٣.

١٧- وتووێژی نووسەر لە بەراییی ساڵانی ١٩٧٠ لە تەورێز لەگەڵ مەلا ئەحمەدی توورجانی زادە (قزلجی) هاوکار و نووسەری رۆژی کورد لە ماوەی ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٦ لە ورمێ، کە دواتر بوو بە مامۆستای کۆلێجی ئەدەبیات لە زانکۆی تەورێز، تا کاتی مردنی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠دا. بۆ ئاگاداری زیادتر لەمەڕ ئەو رۆژنامەیە بروانە: حەسەنپوور ١٩٩٢ کە پێشتر باسی کرا، جەبباری ١٩٧٠ کە لە سەرەوەدا باس کرا، هەر وەها ج. خەزنەدار، "رێبەری رۆژنامەگەری کوردی. ١٩٧٣

١٨- بۆ [ئاگاداری سەبارەت بە] هەڵدانی دەستەلات و توانای هێزەکانی کۆنەباو و

هەواڵنامەی کۆڕ

کۆنەپارێزەکان و نوێنەرایەتی دواتریان لە کۆنترۆڵی داو و دەزگای دەوڵەتی دا بڕوانە:
E. ABRAHAMIAN - IRAN BETWEEN TWO REVOLUTIONS ,PRINCETION UNIVERSITY PRESS, 1982

ئی. ئابراهامیان، ئێران لە نێوان دوو شۆڕشان دا، بریستۆن، ن. جێی. ١٩٩٢
H. KATOUZIAN, THE POLITICAL ECONOMY OF MODERN IRAN; LONDON: MACMILLAN, 1981.

هـ: کاتۆزیان، ئابووری سیاسی ئێرانی مۆدێرن، لەندەن بنکەی مەکمیلان ١٩٨١،
N. KEDDIE, ROOTS OF REVOLUTION, YALE UNIVERSITY PRESS 1981

ن. کەدی، ڕیشەکانی شۆڕش، بنکەی چاپەمەنی زانکۆی یەل ١٩٨١ بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو لایەنە سەبارەت بە گۆڕانی تەرکیبی کۆمەڵایەتی مەجلیسی ئێران بڕوانە: .

ز: شجیعی، نمایندگان مجلس شورای ملی در بیست و یک دوره قانون گذاری، تاران بنکەی چاپەمەنی زانکۆی تاران ١٩٦٥ .

١٩- سەبارەت بەو بابەتە بڕوانە کتێبەکەی من ١٩٩٣ . بەندی حەوت و ئەنجام.

٢٠- لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەو مانا نییە بڵێین کە دەوڵەت لە زەمانی حوکمی ڕەزاشا سەبارەت بە هەڕەشەی کوردی لەسەر سەروەری "نەتەوایەتی" و تەواوەتی و پتەوی خاکی ئێران دەستەوەستان بوو و هەستی پێ نەدەکرد، یان چاوی لە ئاڵوگۆڕی هێزەکی وی وەک هۆکارێکی چەت تێخەر لە جەرەیانی سانترالیزمی خاک و نوێکردنەوەی داو ودەزگایی هەڵدەبڕی، بە پێچەوانە، توێژینەوەی نوێی ئاکادیمی دەری دەخەن کە دەوڵەتی ئێران هەر لە بەرایی ساڵانی ١٩٢٠ وە دڵەڕاوەکێی هەبووە سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی لە خاکی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی دراوسێ دا دەقەومان، و بە تایبەتی هەستی لە نوێنەرایەتی کورد و هاتنە گۆڕی کێشەی کورد لە کۆمەڵی گەلان (عصبة الامم) ڕاگرتووە. فرووغی، نوێنەری ئێران لە کۆمەڵی گەلان، بە ئرخاندنی هەڕەشەیەکی کە بە دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە خاکی عوسمانی دا ساز دەبێ، ئامۆژگاری حکوومەت لە تاران دەکا کە سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی بگرێتە پێش لە جیات ئەوەی کە دەست بکا بە زۆرداری و گوشاری سیاسی و سەرکوت کردنی هەوێتی ئێتنیکی کورد. لەساڵی ١٩٢٧، هەر هەمان فرووغی لە کاتێکدا بە تەنینەوەی

هێز و ڕادەی بڵاو بوونەوەی بزووتنەوەی شێخ سەعید لە تورکیا و تەنسیری نا ئارامی سازکردنی کردەوەکانی سمکۆ لە هەرێم دا هەژا بوو و ترسی لە دڵی گەڕا بوو، ئێستا کە سەفیری ئێران لە تورکیا بوو، پێشنیاری هەنگاونانەوە و تەگبیری هاوبەشی ئێران – تورکیای کرد بۆ بەگژداهاتنەوەی بزووتنەوەکوردیەکان. هەڵبژاردەی نامە نهێنییەکانی فرووغی لە گۆڤاری یغما ژمارەی ٧،ساڵی سێیەم، ١٣٢٩/١٩٥٠، و ژمارەی ٨، ساڵی دووەم، ١٣٢٧/١٩٥٨دا بڵاو بوونەتەوە، حەسەنپوور [لە کتێبەکەی]دا هەر دووکی ئەو نامانەی بە شیکردنەوەوە چاپ کردووە. ئەو کتێبەی لە سەرەوەدا باس کرا ١٩٩٢، بەڵام دوای پتەو کردنی بناخەی هێز و دەسەڵات لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٣٠ دا ئیتر دەوڵەتی ئێران حەوجێیەکی کەمی هەبوو سەبارەت بە هەڕەشەی کورد بشەمزێ. چەک کردنی عەشیرەتەکوردەکان لەتەک نەبوون و بزربی ڕێکخراوەیەکی سیاسی بەکاری کورد کە لایەنگر و پشتیوانی گرینگی لە نێومند°شاربیە سەرەکییەکانی کورد دا هەبێ، ئەگەرچی لە نێویش نەچوو بوو، بەڵام هەڕەشەی کوردی بۆ سەر هێوری سیاسی دەوڵەتی سەرەڕۆ، تا ڕادەیەکی زۆر کەم کردبووەوە و بە هێند نەدەگیرا. بەشداری کردنی [ئێران] لە پەیمانی سەعداباد لە ساڵی ١٩٣٧، کە کێشەی کوردی کردە شتێکی هەرێمی لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی دژی کۆمۆنیستی دا، نیشانە و سەلمێنی درێژەکێشانی هەست کردن بە پەشێوی و نیگەرانییەکە سەبارەت بە هەڕەشەی موحتەمەلی ئێتنیسیتی کورد کە دەیتوانی بۆ دەوڵەتی سازکا، ئەگەر هاتبا و هەلومەرجی هەرێم بۆ کارێکی ئەوتۆ لەبار بوویا،

٢١- بۆ زانینی دەقی ئەو فەرمانە و جێبەجێکردنی لە کوردستان، بڕوانە حەسەنپوور، ئەو کتێبەی پێشتر باس کرا ١٩٩٢

٢٢: بۆ [ئاگاداری] لە بیروڕای جیاواز سەبارەت بە پێکهاتن، بەرەوپێشچوون و لەنێو چوونی کۆمەڵەی ژێکاف، و بناخەی کۆمەلایەتی، هەڵوێستی ئیدیئۆلۆژی و ستراتێژی سیاسی ئەو بڕوانە ئەو کتێبانەی خوارەوە:

H. ARFA, THE KURDS, AN HISTORICAL AND POLITICAL STUDY LONDON OXFORD UNIVERSITY PRESS 1966.

ح. ئەرفەع، کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، لەندەن بنکەی

چاپەمەنی زانکۆی ئاکسفۆرد ١٩٦٩

W. EAGLTON, THE KURDISH REPUBLIC OF 1946, LONDON: 1963.

و. ئیگلتون "کۆماری کوردی ١٩٤٦، لەندەن ١٩٦٣.

A. ROOSEVELT, THE KURDISH REPUBLIC OF MAHABAD", MIDDLE EAST JOURNAL 1947

ئا. رووزڤێلت "کۆماری کوردی لە مهاباد" گۆڤاری میدل ئیست ١٩٤٧

ن.م ئەمین، حکوومەتی کوردستان، ئوتریخت ١٩٩٣

ج. ئەبەز، گۆڤاری نیشتمان: زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف، ستۆکهۆڵم ١٩٨٥

س.م. سەمەدی نگاهی دیگر بە کومەلە، ژ. ک. مهاباد ١٩٤٨

٢٣: لە ژووییەی ١٩٤٣ وە تا مانگی مای ١٩٤٤ دە ژمارەی نیشتمان بڵاو بووەوە.٦ ژمارە لەوانە لە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن ئەبەز را دیسان چاپ کراونەتەوە. دەبێ پەسنی ئەبەز بدرێ بۆ ئەو کارەی کردوویە و ئەو سەرچاوە نایابەی خستووەتە بەردەست لێکۆڵەرەوانی مێژوو و سیاسەتی کوردستان. ئەمن سپاسی حەسەنی قازی دەکەم بۆ ئەوەی ٣ ژمارەی ٧، ٨، ٩ی نیشتمان ی کە بە یەکەوە چاپ بوون لەبەردەست نام.

٢٤. بۆ [ئاگاداری] سەبارەت بە وڵامی کۆمەڵە لە بەرامبەر ئەو جۆرە تاوان وەپاڵ دانانە، بڕوانە نیشتمان ی ژمارە ٥و٦. وا دیارە ئەو جۆرە تاوان وەپاڵ دانانە لە بەر چاپکرانی وتار لە پەسنی شۆڕشی ئوکتۆبر و لێنین (لە نیشتمان دا) کراون. پێڕەو و بەرنامەی کۆمەڵە ئیسلامی وەک ئایینی ڕەسمی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی داهاتووی کورد پێش بینی کرد. (مادەی ٧، چاپکراو لە نیشتمان ی ژمارە ٦ دا). هەر وەها ئەوەشی هێنا گۆڕێ کە پەسندکراو و قانوونی نائایینی [عیلمانی] دەبێ لەگەڵ بنچینەکانی ئیسلام دا بگونجێن.

٢٥: ئەبەز لە پێشەکییەکەی دا بۆ [کۆکراوەی] نیشتمان بە دروستی ئاماژەی بەو خاڵە کردووە، و نیشانی داوە کە کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی مارکسیست - لێنینیست نەبووە و بەرنامەیەکی نهێنی کۆمۆنیستی لە پشت بەرنامەی گەلی - دێمۆکراتییەکەیەوە نەبووە بۆ پێک هێنانی دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆی کورد. بەڵام (ئەبەز) نەیتوانیوە بەرنامەی کۆمەڵایەتی پۆپۆلیستی کۆمەڵە بناسێ و سەرە دەری لێ بکا و پێوەندی ئەو

لەتەک ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیستی ڕێکخراوەکە دا کەشف بکا. ڕووبەڕوو بوونی پەیتا پەیتا و بەردەوامی پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزم و دەربڕینیان لە وتار و ئاردا ئاردا ئارداوێژی سیاسی و ئیدئۆلۆژی کۆمەڵە دا پێویست بوون بۆ سازدانی هەوێنێکی مۆدێرنی نەتەوایەتی کورد لە خاکی کورد لە ئێران دا.

٢٦- بڕوانە نیشتمان، ژمارە١. لە [کۆکراوەکەی] نەبەز دا کە لە سەرەوە باس کرا. ١٩٨٥. ئەو ولاتەی کۆمەڵە پێشبینی دەکرد کوردستانی گەورە بوو، [کۆمەڵە] لە وتارێک دا لە ژێر سەردێڕی "تاران - ئانکارا" نیشتمان ژمارەی ٣-٤ لاپەڕەکانی ٣٠-٣٣ دا دەڵێ: "مەسەلەی کورد تا ساڵی ١٩١٩ بە مسئلەیەکی [محلی] جێگایی دەزاندرا بەلام لەم ڕۆژەوە کە ژەنەراڵ شەریف پاشای بەدرخانی ی [خەندان دروستە. تێبینی وەرگێڕی ئەم نووسینە] لایحەی مەشهووری خۆی تەسلیمی کۆنفرانسی آشتی کرد و داوای میللی کوردی خستە ئێسکی بەندەکانی ٦٢،٦٣ و ٦٤ ی پەیمانی "سەوڕ"- [سێڤر- وەرگێڕ] ابتر مەسئلەی کورد بۆتە پرسیارێکی (بین المللی) و وازی لێ ناهێنرێ."

٢٧- نیشتمان، ژمارە١، لە کتێبەکەی نەبەزدا ١٩٨٥

٢٨- نەبەز ئەو گۆڕانە بنچینەییە لە ستراتیژی پێشنیارکراوی کۆمەڵەدا دەستنیشان دەکا، بەلام گرینگی کۆمەلایەتی و سیاسی وی نابینێ. بەچاو نەبەزەوە وەدوا دانەوەی خەباتی چەکدارانە و لە بری وی داگرتنی ڕێبازێکی مەدەنی - دیمۆکراتی بەرەو سەربەخۆیی دابڕانێکە لە نەریتی سەرۆکایەتی کلاسیکی کوردی، و نیشانەی تێوەهاتنی نفووزی ئیدیئۆلۆژییە بێگانەکانە کە سەرچاوەیان لە یەکێتی ی شووڕەوی و بریتانیای مەزن ڕا ئاو دەخواتەوە، کە کۆمەڵە تێدەکۆشا پشتیوانی ئەوان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ. (هەر هەمان سەرچاوەی لەسەرەوە باس کرا. لاپەڕەکانی٣٤- ٣٥)

* * *

* *

THE GENESIS AND STRUCTURE
OF KURDISH NATIONALISM IN IRAN
ABBAS VALI
TRANSLATED INTO SOUTHERN KURDISH
BY: HASSAN GHAZI
COVER DRAWING: GINA JACOBI

PUBLISHED: BY (SOLFÖRLAGET)
SWEDEN 1995
ADRESS: BOX 136
191 22 SOLLENTUNA

ISBN 91-972433-1-0

# THE GENESIS AND STRUCTURE OF KURDISH NATIONALISM IN IRAN

هەواڵنامەی کتێب

**ABBAS VALI**

University college of Swansea
Department of Politics